هەرێمی کوردستانی عێراق

# ڕووپێوی نیشتمانیی ڕواڵ و لاوان ٢٠٠٩

## ڕاپۆرتی کورتکراوی

## هەرێمی کوردستانی عێراق

- وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان / حکومەتی هەرێمی کوردستان
- وەزارەتی پلاندان / دەستەی ئاماری هەرێم / حکومەتی هەرێمی کوردستان
- وەزارەتی لاوان و وەرزش / حکومەتی عێراق
- دەزگای گشتی ئامار و تێکنۆلۆجیای زانیاری / حکومەتی عێراق

به هاوکاری

سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان (UNFPA)

پرۆژەی عارەبی بۆ تەندروستیی خێزان لە کۆمکاری وەلاتانی عارەبی کۆمەڵەی عێراق (PAPFAM)

## وتەی حکومەتی عێراق

لاوان گزنگی ڕوانینی کۆمەڵگەن بۆ دواڕۆژ، بەپێی بنەماکانی بنیادنانی نەوە و پەروەردەکردن و سازدانی بۆ دیتنی ڕۆڵی خۆی لەکۆمەڵگەدا، ئەمەش دەخوازێ زانین و بۆچوون و هەڵسوکەوتەکانی لاوانی زانراو بن، بۆیە وەزارەتی لاوان و وەرزش و دەزگای ناوەندیی ئامار و تێکنۆلۆجیای زانیاری ڕووپێوی نیشتمانیی ڕواڵ و لاوانیان لە عێراقدا (NYS ) بۆ ساڵی ٢٠٠٩ ئەنجام دا، کە تایبەت بوو بەکۆڵینەوە لە لایەنگەلێکی بنەڕەتی و گرینگی پەیوەست بە گەنجانی عێراق لە تەمەنی (١٠ تا ٣٠) ساڵ، بەمەبەستی کارکردن لەسەر دانانی ستراتیجێك بۆ ئەو توێژە بەبەشداریی تەکنیکی و ڕێکخستنی سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان (UNFPA) و پرۆژەی عارەبی بۆ تەندروستیی خێزان لە کۆمکاری وەڵاتانی عارەب (PAPFAM).

ئامانجی پرۆژەکە تۆژینەوەی زانین و هەڵوێست و هەڵسوکەوتەکانی ڕواڵ و لاوانە لە تەمەنی (١٠–٣٠) ساڵ بەمەبەستی داڕشتنی ستراتیجێکی ڕوون بۆ لاوان لە عێراق کە بەدەنگی خواست و ویستەکانی ئەم توێژە تەمەنییەوە بێت، هەروەها بۆ دابینکردنی بنکەیەکی زانیاری لە بارەی توێژی تەمەنی (١٠-٣٠) ساڵ کە کارئاسانی بۆ بڕیاردەران بکات و لە داڕشتنی پلان و بەرنامەگەلی ڕاگەیاندن بۆ باشترکردنی زانین و هەڵوێست و هەڵسوکەوتەکان و پێشخستن و ڕێنماییکردنیان بەشێوەیەك کە ئاستی بنیادی لەش و دەروون و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی ڕواڵ و لاوان بەرز بکاتەوە.

ئاوێتەبوونی هەوڵەکانی کادری وەزارەتی لاوان و وەرزش لە سەنتەری کاریان لە بەغدا و لە پارێزگاکان ڕۆڵی گرینگی هەبوو لە هەماهەنگیی چالاکییەکان و جێبەجێ کردنیان لە پاڵ ڕۆڵی سەرەکیی دەزگای ناوەندیی ئامار کە بەپێی یاسای ئێستای ئامار، سەرچاوەی تەکنیکیی تایبەتمەندە لە کاری ئامار لە عێراقدا، کارمەندانی بەلێبوردەییەوە و بەلێهاتوویی خۆیان قۆناغی ئامادەکاری و جێبەجێکردنی ئەم ڕووپێوە کە دووەمین ڕووپێوی لەم جۆرەیە لە عێراق بەتایبەتی دوای ئەو گۆڕانکارییە گەورانەی بەسەر کۆمەڵگەی عێراقدا و بەسەر توێژی لاواندا بەتایبەتی هات لە دوای ٢٠٠٣وە، کە تەنیا لە ساڵی ٢٠٠٤ دا ڕووپێو بۆ ئەم چینە کرا.

ئەم کارە بەرهەمی هاوکارییەکی زانستیانەی بنیادنەری سندوقی نیشتەجێبوونی نەتەوە یەکگرتووەکان UNFPA و پرۆژەی عارەبیی تەندروستیی خێزان لە کۆمکاری وەڵاتانی عارەب PAPFAM بوو، چونکە ئامادەکاری و ڕێکخستنی بابەتەکان و چالاکییەکان بەهەماهەنگی و هاوبەشیی گرینگی ئەم دوو لایەنە بوو، ئەمەش توانا نیشتمانییەکانی بەهێزتر کرد لە جێبەجێکردنی ئەم ڕووپێوە تایبەتمەندەدا.

ئێمە کاتێ ئەم بەڵگەنامە نیشتمانییە ڕادەگەیەنین، تەنیا ئەوەمان لە دەست دێ پێشکەشی خێرمەندان و توێژەر و پەیوەندیدارانی پەیوەست بەم توێژەی لاوان بۆ ئەوەی سوودی لێ ببینن و بەیەکەوە کار بۆ گەشەدان بەنەوەی نوێ و بۆ زامنکردنی بەرزکردنەوەی ویست و خواستەکانیان.

لە کۆتاییدا... ئەرکی مەزنی سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نیشتەجێبوون UNFPA نووسینگەی عێراق و پرۆژەی عارەبیی تەندروستیی خێزان لە کۆمکاری وەڵاتانی عارەب PAPFAM و هەموو پسپۆڕ و ڕاوێژکارانی نێودەوڵەتی و هەرێمی بەرز دەنرخێنین، بەتایبەتی نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ منداڵی UNICEF نووسینگەی عێراق و ڕێکخراوی تەندروستیی جیهان WHO نووسینگەی عێراق و پرۆگرامی گەشەپێدانی

سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان UNDP و ڕێکخراوی پەروەردە و زانست و کولتور UNESCO نووسینگەی عێراق.
هەروەها ماندووبوونی کارمەندانی وەزارەتی لاوان و وەرزش و کارمەندانی دەزگای ناوەندیی ئامار و تێکنۆلۆجیای زانیاری و وەزارەتی وەرزش و لاوانی پێشووی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان و تیمی بنەڕەتیی ڕووپێو و ئەندامانی لیژنەی بالآ کە بەهەموویان یەکێ لە گرینگترین ڕووپێوی ئاماریان ئەنجام دا. هەروەها دەستخۆشیی کاری دیاری پسپۆڕە ناوخۆییەکان دەکەین کە لە ئامادەکردن و پێداچوونەوەی بەرنامەی کار و ئەنجامەکانی ڕووپێوەکەدا ڕۆڵیان دی، بەتایبەتی پسپۆڕانی وەزارەتی تەندروستی، ئەنجوومەنی نوێنەران، وەزارەتی خوێندنی بالآ و تۆژینەوەی زانستی، وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەلآیەتی، وەزارەتی پەروەردە/ هەرێمی کوردستان.. داوا لە خوا دەکەین عێراق بپارێزێ.. تا بتوانێ بەسەر ئاستەنگەکاندا زالّ بێ لەپێناو خۆشیی گەلی عێراقی ئازیز... خوا پشت و پەنایە...

**عەلی غالب بابان**
**وەزیری پلاندان**

**جاسم محەمەد جەعفەر**
**وەزیری لاوان و وەرزش**

## وتەی حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق

لە روانگەی گرنگیدان بە ئاراستە کردن و کاراکردنی ڕواڵ و لاوان بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەی کوردستان، لەسەر بنەماکانی دیموکراسی و نەریتەکانی مەدەنیەت و ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ و جێبەجێکردنی چەمکی گەشەپێدانی بەردەوام و پەرەپێدانی تواناکانی لاوان، حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق بەبایەخەوە دەڕوانێتە ڕووپێوی نیشتمانی ڕواڵ و لاوان، کە لەسەر ئاستی عێراقدا بە هەرێمی کوردستانیشەوە لە ساڵی ٢٠٠٩ ئەنجام دراوە.

ئەم پڕۆژەیە بەرهەمی کاری وەزارەتی وەرزش و لاوانی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان و وەزارەتی لاوان و وەرزشی عێراق و دەزگای ناوەندی ئامار و تەکنەلۆجیای زانیاری عێراقە ئەمەش بە هاوکاری سەندوقی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان (UNFPA) و پڕۆژەی عارەبی بۆ تەندروستیی خێزان لە کۆمکاری وەلاتانی عارەب بووە.

کاری تێکرای ئەم لایەنانە و ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان (UNICEF) نووسینگەی عێراق و ڕێکخراوی تەندروستی جیهان (WHO) نووسینگەی عێراق و ڕێکخراوی پەروەردە و زانست و کولتور (UNESCO) نووسینگەی عێراق، بەرز دەنرخێنین.

ئامانجی پڕۆژەکە توێژینەوەی زانین و هەڵوێست و هەڵسوکەوتەکان و ڕۆڵی لاوانە لە تەمەنی (١٠–٣٠) ساڵی بەمەبەستی دارشتنی ستراتیجێکی روون بۆ لاوان لە عێراق کە بەدەنگی خواست ویستەکانی ئەم توێژە تەمەنیەوە بێت، هەروەها بۆ دابینکردنی بنکەیەکی زانیاری لە بارەی توێژی تەمەنی (١٠–٣٠) ساڵ کە کارئاسانی بۆ بڕیاردەران بکات لە دارشتنی پلان و بەرنامەگەلی ڕاگەیاندن بۆ باشترکردنی ئاستی  بنیادی جەستە و دەروون و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ڕواڵ و لاوان بەرز بکاتەوە.

لە ئەنجامدانی ئەم پڕۆژەیەدا کادیرانی ئێستای وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان لە پارێزگەکانی هەرێمی کوردستان ڕۆڵی گرینگیان هەبووە لە هەماهەنگیی چالاکییەکان و جێبەجێ کردنیان لەپاڵ ڕۆڵی سەرەکیی دەستەی گشتیی ئاماری هەرێم لە وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بەپێی یاسای ئێستای ئامار، سەرچاوەی تەکنیکی تایبەتمەندە لە کاری ئامار لە هەرێمی کوردستاندا و کارمەندانی بەلێبوردەییەوە و بەلێهاتوویی خۆیان قۆناغی ئامادەکاری و جێبەجێکردنی ئەم ڕووپێوەیان بەهاوکاری وەزارەتی وەرزش و لاوانی کابینەی پێشتر و وەزارەتی لاوان و وەرزش و دەزگای ناوەندی ئاماری حکومەتی عێراق ئەنجامدا، کە دووەمین ڕووپێوی لەم جۆرەیە لە عێراق بەتایبەتی دوای ئەو گۆڕانکارییە گەورانەی بەگشتی بەسەر کۆمەڵگەی عێراق و بەتایبەتی بەسەر توێژی لاواندا هات لەدوای (٢٠٠٣) وە، کە تەنیا لە ساڵی (٢٠٠٤) بۆ ئەم توێژە کرا.

گرنگی ئەم ڕووپێوە لەوەدایە کە ئاماژەکردنێکی زانستییە سەبارەت بەخەسڵەتە گشتییەکانی لاوان و ئاستی بواری خوێندن و تەکنەلۆجیای زانیاری و هەلومەرجی کارکردن و باردۆخی تەندروستی و تەندروستی زاوزێ و تێڕوانینی لاوان بۆ بابەتی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری و بەشداری کردن لەمەسەلە گشتییەکانی کۆمەڵگە و چەمکی هاووڵاتیبوون.

گرنگی ئەم ڕووپێوە لەوەدایە کە بنەمایەکی زانستییانەی زانیاری و ئامارەکە بۆ توێژینەوەی قوڵ و میتۆدییانە و دانانی نەخشەرێی پێویست بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی لاوان و کاراکردنی ڕۆڵیان لە پرۆسەی گەشەپێداندا، دەخاتە بەردەستمان.

بەمەبەستی سوود وەرگرتن لە ئاکامەکانی ئەم ڕووپێوە، بۆردێکی حکومی لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان بۆ بەدواداچوونی ڕەوشی لاوان و پەرەپێدانی تواناکانیان رادەگەیەنین. ئەم بۆردەش ئەرکی پێشتری بۆردەکانی وەزارەتی وەرزش و لاوانی پێشوو دەگرێتەوە ئەستۆی خۆیی و نوێنەری وەزارەتە تایبەتمەندەکانی ئەم دۆسییە، بەتایبەتی وەزارەتی پلاندانان و کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و پەروەردە.... تێیدا بەشدار دەبن.

**د.عەلی سندی**
**وەزیری پلاندانان**

**کاوە محمود شاکر**
**وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان**

## کورتەیەکی جێبەجێکاری

بۆ تەواوکردنی بنکەکانی زانیاری و زانیارییە دیمۆگرافیایی و تەندروستییە پێویستەکان بۆ پلاندانەر و داڕێژەرانی سیاسەت و پرۆگرامەکان ، لە چوارچێوەی ئامادەکردنی ستراتیجێکی نیشتمانی بۆ لاوان، وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی هەرێم و وەزارەتی پلاندان/ دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان و دەزگای ناوەندیی ئامار و تێکنۆلۆجیای زانیاری و وەزارەتی لاوان و وەرزشی عێراق و بەهاوبەشی لەگەڵ سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان و پرۆژەی عارەبی بۆ تەندروستیی خێزان لە کۆمکاری وەڵاتانی عارەبی، رووپێوی نیشتمانیی رواڵ و لاوانی لە هەرێمی کوردستان و عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٩ ئەنجام دا.

نموونەی رووپێوەکە بریتی بوو لە تەواوکردنی سەرکەوتووانەی دیداری ٦٤٩٢ خێزانی ژیانی لە هەموو پارێزگاکانی عێراق و تێیدا ٩٧٩ خێزان لە هەرێمی کوردستاندا، کە پێك هاتبوون لە ١٩٧٠ تاك لە تەمەنی ١٠-٣٠ ساڵ و زانیارییەکان لە ماوەی نێوان ٤/١٥ تا ١٠/٥ی ٢٠٠٩ کۆکرانەوە لە هەرێمی کوردستان.

ئامانجەکانی رووپێوەکە بریتی بوون لە توێژینەوە دەربارەی زانیاری و هەڵوێست و هەڵسوکەوتی رواڵ و لاوان لەو گرووپە هەڵبژێرراوەی تەمەندا، بەتایبەتی دوای ئەو گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییانەی عێراق لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ بەخۆیەوە دیوە، دامەزراندنی بنکەیەکی وردی زانیاری کە تایبەتمەندییەکانی فێربوون و کار و تەندروستی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و رادەی بڵاوبوونەوەی کەمئەندامی و هەڵوێستی لاوان لە کەمئەندامان و رادەی بەکارهێنانی تێکنۆلۆجیای زانیاری لەلایەن لاوان و سوود وەرگرتنیان لەو تەکنۆلۆجیایە و تیشك خستنە سەر بەشداریی لاوان و مافە مەدەنییەکان و هاووڵاتیبوون و باری ئەمنی، لەخۆ بگرێت.

### 1- تایبەتمەندییە گشتییەکان:

رووپێوەکە دەریخست کە رێژەی خێزاندار لەنێو مێدا زیاترە لە نێر و زۆرینەی ئەو لاوانەی لەنێو خێزانگەلێکدا دەژین کە لە خانووی خۆیان نیشتەجێن.

### 2- خوێندن و تێکنۆلۆجیای زانیاری:

وەك چاوەڕوانکراوە، رێژەی چوونە بەر خوێندن لەنێو هەردوو رەگەزدا بەرزە، هەرچەندە لە نێر کەمێك لە مێ بەرزترە، لەلایەکی ترەوە، جێهێشتنی خوێندن لە تەمەنی ١٥-٢٤ ساڵ بەرزترە لە هاوتاکانیان لە ١٠-١٤ ساڵ و حەزنەکردن لە بەردەوامبوون لە خوێندن گرینگترین هۆی جێهێشتنی خوێندن.

لە بارەی زانیاری لەسەر کۆمپیوتەر و بەکارهێنانی ئەنتەرنێت، زانیارییەکان دەری دەخەن کە زانیارییەکانی ئەو تەمەنەی ئامانجی رووپێوەکە بوو هەژارە و نزیکەی نیوەیان تەلەفۆنی مۆبایلی هەیە، هەرچەندە رێژەی نێر لەم بارەیەوە لە مێ زۆرترە.

### 3- کار:

دەردەکەوێ کە کەمتر لە چارەکی کەسانی نێو نموونەکە لە کاتی رووپێوەکەدا کاریان دەکرد و ئەم رێژەیە لە تەمەنی ٢٥-٣٠ ساڵ دەبێتە دوو ئەوەندە و رێژەی نێری کارکەر شەش ئەوەندەی رێژەی مێیە، نزیکەی ٢١,٣٪ی ئەوانەی کار دەکەن بەبڕواوە ئەو کارانە ناکەن.

### 4- تەندروستی و تەندروستیی منداڵبوون:

نزکەی ٨٥٪ی توێژراوەکان پێیان وایە تەندروستییان باشە و ٣٩٪یان بەتایبەتی لە نێو مێیاندا ژەمی خێرا ناخۆن.
لە هەر ٤ توێژراوێکیش ٣ ئێستا لە خۆیان ڕازین. ٧٠٪یش دڵشادن. لە هەر ٥ کەسێکیش ٤ گەشبینن. جیاوازیی دیاریش لە نێوان نێر و مێدا نییە.
لە بارەی وەرزش و ئارەزووەکانەوە، ڕێژەی وەرزشکردن نزمە، لە هەر دە کەسێك تەنیا یەك کەس دەچێتە یانەیەکی وەرزشی و ڕێژەی مێ لێرەدا زۆر لە نێر کەمترە. سێیەکی نموونەکە پێی وایە هۆی نزمیی ئەم ڕێژەیە نەبوونی یانەی نزیکە.
ئاکامەکان دەری دەخەن کە توێژراوان شارەزاییان لە نیشانەکانی باڵغبوون هەیە و مێ لەم بوارەدا لە نێر ئاگادارترن.
لە بارەی تەمەنی گونجاو بۆ خێزانداری، ڕووپێوەکە جیاوازیی زۆر لەنێوان دوو ڕەگەزەکە لەم بارەیەوە دەردەخات. هەروەها پێیان وایە بڕیاری بەکارهێنانی ئامرازەکانی دیاریکردنی قەبارەی خێزان پێویستە بڕیارێکی هاوبەشی هەردوو هاوژین بێت.
هەروەها دەرکەوت کە زانیاریی توێژراوان لە بارەی ئەو نەخۆشییانەوە کە لەڕێی سێکسەوە دەگوازرێنەوە بەنەخۆشیی ئێدزیشەوە لە ئاستی پێویست کەمترە. ٨٣٪ی ئەوانەی ئاگایان لە ئێدز هەیە پێویستە جیا بکرێنەوە. ئەوانەشی پێشبینی دەکەن ڕێژەی تووشبوون بەئێدز بەرەو زیادبوونە هۆیەکەی بۆ لاوازیی پابەندی بەبەها ئەخلاقی و ئاینییەوە دەگەڕێننەوە.

## 5- ڕاگەیاندن و کولتوور:

لە ڕووپێوەکەوە دەردەکەوێ کە تەلەفزیۆن گرینگترین هۆکاری ڕاگەیاندنە توێژراوان پەنای بۆ دەبەن و نزیکەی ٧٨٪یان حەز لە دیتنی فیلمی کۆمەڵایەتی دەکەن و نزیکە 41٪یان دەخوێننەوە و، 40٪ی خوێنەران کتێب دەخوێننەوە و نزیکەی ٦١٪یان گۆوار دەخوێننەوە.

## 6- بەشداریی کۆمەڵگە و هاووڵاتیبوون:

توێژراوان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ڕێکخراوە سیاسییەکان لە ڕێکخراوەکانی تر گرینگترن.
نزیکەی ٤٨٪ توێژراوان بەرگری کردن لە وڵات و ٤٤٪ی جەخت دەکەنەوە کە ڕێزگرتن لە مافی خەڵکی تر گرینگترین ئەرکیانە وەك هاووڵاتی، هەروەها دەردەکەوێ کە ڕێژەی بەشداری لە هەڵبژاردن لەنێو هەردوو ڕەگەزدا جۆرە هاوسەنگییەکی تێدایە.
٦٣٪ی نێر و ٧٤٪ی مێ پێیان وایە ئافرەت بەگشتی هیچیان لە پیاو لەنێو کۆمەڵگەدا کەمتر نییە. زۆرینەی توێژراوان جەخت لەسەر گرینگیی بەشداریی ئافرەت و پیاو لە بڕیارەکانی نێو خێزان دەکەنەوە.
هەروەها ٦٠٪ی توێژراوان پێیان وایە کردەوە تیرۆریستەکان گرینگترین هۆکاری ناجێگیریی ئەمنییە و دەست کردن بەبنیادنانەوە گرینگترین هەنگاوە بۆ بەدیهێنانی سەقامگیری.
خشتەی داهاتوو گرینگترین ئاماژەکان بەپێی تەمەن نیشان دەدات و پاشکۆی ژمارە یەك جیاوازیی نێوان پارێزگاکان دەردەخات.

## گرینگترین ئامارەکان

| ئامارە | لاوان لە تەمەنی | | | |
|---|---|---|---|---|
| | (30-10) | (14-10) | (24-15) | (30-25) |
| **کار** | | | | |
| ڕێژەی پەیوەندی بەبازاڕی کارەوە لە کاتی ڕووپێوەکەدا | 21.0 | 3.2 | 21.3 | 43.2 |
| ڕێژەی ئەو لاوانەی پشتگیریی کارکردنی ئافرەت دەکەن | 57.6 | 14.5 | 56.6 | 63.5 |
| ڕێژەی ئەو لاوانەی پشتگیریی زوو کارکردن دەکەن | 12.1 | 17.8 | 13.1 | 10.2 |
| **تەندروستی و ئێدز** | | | | |
| ڕێژەی ئەوانەی نەخۆشیی درێژخایانیان هەیە | 8.5 | 8.1 | 7.0 | 12.7 |
| ڕێژەی ئەوانەی ڕێگەیەك بۆ چارەسەرکردنی ئاو دەزانن | 88.3 | 78.8 | 92.6 | 91.0 |
| **لاوان لە تەمەنی** | (30-15) | | (24-15) | (30-25) |
| ڕێژەی ئەوانەی زانیارییان لە بارەی ئێدزەوە هەیە | 81.7 | | 80.8 | 83.7 |
| ڕێژەی ئەوانەی دەزانن کە ڕەنگە کەسی بەرواڵەت تەندروست دەشێ تووشی ئێدز بووبێت | 33.0 | | 33.4 | 32.1 |
| ڕێژەی ئەوانەی جێیەك دەناسن کە تاقیکردنەوەی ئێدزی لێ بکرێت | 34.2 | | 34.3 | 34.0 |
| ڕێژەی ئەوانەی جیاکردنەوەی تووشبووانی ئێدز بەپێویست دەزانن | 82.6 | | 81.6 | 84.9 |
| ڕێژەی ئەوانەی ئامادەن لەگەڵ تووشبوویەکی ئێدز نان بخۆن | 11.4 | | 12.3 | 9.4 |
| ڕێژەی ئەوانەی ئامادەن دەستی تووشبوویەکی ئێدز بگووشن | 14.0 | | 15.1 | 11.6 |
| **لاوان لە تەمەنی** | (30-12) | (14-12) | (24-15) | (30-25) |
| **تەندروستیی منداڵبوون لای مێ** | | | | |
| ڕێژەی ئەو مێیانەی نیشانەیەکی باڵغبوونی کچ دەزانن | 91.1 | 62.6 | 96.0 | 99.6 |
| ڕێژەی ئەوانەی لە بارەی تەندروستیی منداڵبوونەوە زانیارییان هەیە | 50.7 | 13.3 | 55.6 | 65.4 |
| ڕێژەی ئەوانەی پێیان وایە ژنخوازیی نێو خزمان زیانی تەندروستیی هەیە | 46.8 | 23.4 | 51.9 | 51.4 |
| ڕێژەی ئەوانەی پشکنینی پێش ژنخوازی بەپێویست دەزانن | 93.7 | 80.2 | 95.7 | 98.2 |
| ڕێژەی ئەوانەی پێیان وایە ماوەی گونجاوی نێوان دوو منداڵبوون ٣ ساڵ و بەرەو ژوورە | 34.2 | 26.1 | 36.0 | 35.5 |
| ڕێژەی ئەوانەی پێیان وایە ژمارەی گونجاوی سەردانی بەدواداچوون لە کاتی دووگیانیدا ٤ و بەرەو ژوورە | 46.0 | 35.4 | 67.9 | 75.1 |
| ڕێژەی ئەوانەی لە بارەی ئامرازی ڕێکخستنی خێزانەوە زانیارییان هەیە | 74.4 | 30.8 | 80.1 | 91.5 |
| ڕێژەی ئەو سکپڕانەی هەوڵی بەدەستهێنانی چاودێرییان داوە | 77.8 | - | 65.1 | 90.4 |

| ئاماژە | لاوان لە تەمەنی | | | |
|---|---|---|---|---|
| | (30-10) | (14-10) | (24-15) | (30-25) |
| ڕێژەی ئەوانەی ئامرازی ڕێکخستنی خێزان بەکار دێنن | 63.0 | - | 62.3 | 64.5 |
| **تەندروستیی منداڵبوونی نێر** | | | | |
| ڕێژەی ئەو نێرانەی نیشانەیەکی باڵغبوونی کچ دەزانن | 84.4 | 46.8 | 92.6 | 99.1 |
| ڕێژەی ئەوانەی لە بارەی تەندروستیی منداڵبوونەوە زانیارییان هەیە | 43.6 | 10.0 | 45.3 | 68.6 |
| ڕێژەی ئەوانەی پێیان وایە ژنخوازیی نێو خزمان زیانی تەندروستیی هەیە | 38.8 | 15.7 | 40.4 | 55.1 |
| ڕێژەی ئەوانەی زانیارییان لەسەر ئامرازەکانی ڕێکخستنی خێزان هەیە | 64.1 | 22.5 | 67.4 | 92.3 |
| ڕێژەی ئەوانەی دەزانن کۆندۆم چییە | 17.3 | 2.0 | 17.5 | 29.8 |
| **خۆراك** | | | | |
| ڕێژەی ئەوانەی زانیارییان لەسەر خۆراکی هاوسەنگ هەیە | 37.2 | 25.0 | 44.1 | 37.6 |
| ڕێژەی ئەوانەی هیچ ژەمێکی خێرا ناخۆن | 39.1 | 45.1 | 35.3 | 40.0 |
| ڕێژەی ئەوانەی نازانن لە خۆراکدا چی کاریگەریی بەسەر تەندروستیی مرۆڤەوە هەیە | 26.0 | 21.0 | 28.0 | 28.0 |
| ڕێژەی ئەوانەی گرینگی بەپاراستنی کێشیان دەدەن | 46.7 | 34.0 | 52.7 | 49.8 |
| **تەندروستیی دەروونی و کۆمەڵایەتی** | | | | |
| ڕێژەی ئەوانەی ئێستا لە خۆیان ڕازین | 80.2 | 90.4 | 77.3 | 73.5 |
| ڕێژەی ئەوانەی ئێستا دڵشادن | 69.9 | 85.8 | 65.0 | 60.2 |
| ڕێژەی ئەوانەی گرینگی بەشتگەلی دیاریکراو دەدەن | 87.9 | 88.4 | 87.3 | 87.6 |
| ڕێژەی ئەوانەی لە ژیاندا ئامانجی دیاریان هەیە | 89.1 | 90.4 | 89.2 | 87.4 |
| ڕێژەی لاوانی گەشبین | 67.8 | 79.2 | 65.8 | 57.5 |
| ڕێژەی ئەوانەی پێیان وایە ئافرەت بەگشتی لە پیاو کەمترنین | 69.2 | 59.8 | 73.3 | 72.1 |
| ڕێژەی ئەوانەی پێیان وایە تەنیا پیاو بۆی هەیە کاری سیاسەت بکا | 26.7 | 19.3 | 28.6 | 31.8 |
| ڕێژەی ئەوانەی پێیان وایە ئافرەت دەتوانێ ڕۆڵی سەرکردایەتیی کۆمەڵ ببینێ | 86.4 | 76.1 | 90.9 | 89.8 |
| ڕێژەی ئەوانەی پێیان وایە گرفتەکان، بەردەوام یان هەندێ جار، بەتوندوتیژی چارەسەر دەکرێن | 28.0 | 23.0 | 29.2 | 31.8 |
| **ڕاگەیاندن و کولتوور** | | | | |
| ڕێژەی ئەوانەی تەماشای تەلەفزیۆن دەکەن | 98.4 | 99.1 | 98.2 | 98.0 |
| ڕێژەی ئەوانەی گوێ لە ڕادیۆ دەگرن | 48.6 | 36.8 | 50.3 | 59.5 |
| ڕێژەی ئەوانەی دەخوێننەوە | 41.1 | 31.7 | 47.0 | 39.9 |
| ڕێژەی ئەوانەی پێیان وایە ڕۆڵێکی دیاریکراویان لە پاراستنی کولتووردا هەیە | 39.5 | 27.0 | 44.4 | 44.8 |
| **لاوان و وەرزش** | | | | |

| ئاماژه | لاوان له ته‌مه‌نی | | | |
|---|---|---|---|---|
| | (30-10) | (14-10) | (24-15) | (30-25) |
| ڕێژەی ئەوانەی دەچنە یانەکانی وەرزشی | 14.0 | 16.4 | 14.0 | 11.0 |
| ڕێژەی ئەوانەی حەز دەکەن لەگەڵ چالاکیی تردا وەرزش بکەن | 35.0 | 47.6 | 33.1 | 23.0 |
| ڕێژەی ئەوانەی ئارەزووی دیاریکراویان هەیە و جێبەجێی دەکەن | 76.1 | 74.2 | 76.6 | 77.3 |
| **کەمئەندامی** | | | | |
| ڕێژەی ئەوانەی ئامادەن هاوڕێیەتیی کەمئەندامان بکەن | 89.8 | 89.4 | 90.6 | 88.7 |
| ڕێژەی ئەوانەی ئامادەن لەگەڵ کەمئەندامان بخوێنن | 97.2 | 98.7 | 97.2 | 95.2 |
| ڕێژەی ئەوانەی ئامادەن لەگەڵ کەمئەندامان کار بکەن | 86.9 | 88.4 | 88.2 | 82.0 |
| ڕێژەی ئەوانەی ئامادەن لەگەڵ کەمئەندامان خێزان پێك بهێنن | 31.1 | 30.3 | 28.2 | 38.5 |
| ڕێژەی ئەوانەی زانیارییان لەسەر شیاندنی کەمئەندامان هەیە | 77.9 | 61.8 | 83.2 | 87.0 |
| ڕێژەی کەمئەندامان | 1.2 | 1.1 | 0.6 | 2.8 |
| **تێکنۆلۆجیای زانیاری** | | | | |
| ڕێژەی ئەوانەی دەزانن کۆمپیوتەر بەکار بهێنن | 40.3 | 34.4 | 46.6 | 33.8 |
| ڕێژەی ئەوانەی ئینتەرنێت بەکار دێنن | 11.9 | 4.5 | 14.8 | 15.1 |
| ڕێژەی ئەوانەی ئینتەرنێت بۆ خوێندن و توێژینەوە بەکار دێنن | 41.5 | 16.5 | 47.9 | 37.4 |
| ڕێژەی ئەوانەی تەلەفۆنی مۆبایلیان هەیە | 53.3 | 13.3 | 64.3 | 81.3 |
| **لاوان و ئاسایش** | | | | |
| ڕێژەی ئەوانەی پێیان وایە گرووپە تیرۆریستەکان هۆی ناجێگیریی ئاسایشن | 59.5 | 43.1 | 63.8 | 71.0 |
| ڕێژەی ئەوانەی پێیان وایە داگیرکاری هۆی ناجێگیریی ئاسایشە | 11.1 | 7.9 | 12.0 | 13.2 |
| ڕێژەی ئەوانەی پێیان وایە ئاوەدانکردنەوە و نەهێشتنی بێکاری هۆی جێگیریی ئاسایشە | 30.2 | 12.4 | 35.0 | 42.4 |
| ڕێژەی ئەوانەی ژیانی ڕۆژانە لە سایەی دڵنیاییدا بەسەر دەبەن | 92.0 | 95.6 | 91.2 | 89.0 |
| **بەشداریی لاوان** | | | | |
| ڕێژەی ئەوانەی ئارەزووی بەشداریی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن | 55.9 | 54.5 | 56.9 | 55.5 |
| ڕێژەی ئەوانەی پێیان وایە هەلی باسکردنی بۆچوون و گەیاندنی ڕا و دەنگی خۆیان لە ڕێکخراوە سیاسییەکاندا بۆ ڕەخساوە | 7.5 | 2.4 | 9.4 | 9.9 |
| ڕێژەی ئەوانەی پێیان وایە لاوان گرینگی بەبابەتە کۆمەڵایەتییەکان نادەن | 26.9 | 16.8 | 31.8 | 29.1 |
| ڕێژەی ئەوانەی پێیان وایە لاوانە متمانەیان بەکاری سیاسی نییە | 36.2 | 19.2 | 43.5 | 41.8 |
| ڕێژەی ئەوانەی پێیان وایە حزبەکان لە ژیانی گشتیدا گرینگن | 62.7 | 46.1 | 67.9 | 72.6 |
| ڕێژەی ئەوانەی پێیان وایە لاو دەبێ لە چالاکیی سیاسیدا بەشدار بێ | 73.8 | 56.8 | 79.4 | 83.3 |
| ڕێژەی ئەوانەی ڕۆڵیان لە بڕیاری هاوسەرگیرییاندا هەیە | 62.9 | 41.6 | 72.1 | 70.3 |
| **لاوان لە تەمەنی** | (30-18) | | (24-18) | (30-25) |
| **مافەکانی مەدەنی و هاووڵاتیبوون** | | | | |

| ئاماژە | لاوان لە تەمەنی | | | |
|---|---|---|---|---|
| | (30-10) | (14-10) | (24-15) | (30-25) |
| ڕێژەی ئەوانەی پێیان وایە گرینگترین ماف یەکسانیی عێراقییەکانە بەبێ جیاوازی لە بەردەم یاسادا | 48.9 | | 47.0 | 51.9 |
| ڕێژەی ئەوانەی پێشتر لە هەڵبژاردنە نیشتمانییە گشتییەکاندا بەشدارییان کردووە | 63.3 | | 44.0 | 92.9 |
| ڕێژەی ئەوانەی بەنیازن لە هەڵبژاردنی داهاتوودا بەشدار بن | 84.5 | | 81.8 | 88.6 |
| ڕێژەی ئەوانەی هەست بەجیاکردنەوە بەهۆی ئاین و تایەفەوە دەکەن | 11.5 | | 12.5 | 9.9 |
| ڕێژەی ئەوانەی هەست بەجیاکردنەوە بەهۆی نەتەوەوە دەکەن | 12.2 | | 12.8 | 11.4 |
| ڕێژەی ئەوانەی هەست بەجیاکردنەوە بەهۆی ڕەگەزەوە دەکەن | 16.0 | | 18.1 | 13.0 |
| ڕێژەی ئەوانەی هەست بەجیاکردنەوە بەهۆی هەڵوێستی سیاسییەوە دەکەن | 14.8 | | 17.1 | 11.1 |
| ڕێژەی ئەوانەی پشتگیریی گۆڕانی سیاسی دەکەن | 67.6 | | 66.0 | 69.9 |
| ڕێژەی ئەوانەی گفتوگۆ لەگەڵ کەسانی جیاواز لە خۆیان دەکەن | 59.2 | | 57.8 | 61.2 |
| ڕێژەی ئەوانەی پێیان وایە باری ئابووری لە پار باشترە | 60.1 | | 61.4 | 58.1 |
| ڕێژەی ئەوانەی لە جاران باشتر دەتوانن ڕای خۆیان دەربڕن | 77.0 | | 76.8 | 77.3 |
| ڕێژەی ئەوانەی ئارەزووی کۆچ دەکەن | 40.1 | | 42.3 | 36.8 |

# پێڕست


بەشی یەکەم: ئامانج و بەرنامەڕێژیی ڕووپێو ..................... ١٥

1.1 پێشەکی ..................... ١٥

2.1 ئامانجەکانی ڕووپێو ..................... ١٥

3.1 بەرنامە و ئامرازەکانی ڕووپێو ..................... ١٥

4.1 دیزاینی نموونە و شێوەی هەڵبژاردنی یەکەکانی پشکنین ..................... ١٦

بەشی دووەم : تایبەتمەندییەکانی تۆژینەوەکە ..................... ١٩

1.2 تایبەتمەندییە گشتییەکانی لاوان ..................... ١٩

2.2 باری نیشتەجێبوونی لاوان ..................... ٢٠

بەشی سێیەم: خوێندن و تێکنۆلۆجیا ..................... ٢١

1.3 چوونە بەر خوێندن ..................... ٢١

2.3 دوورکەوتنەوە لە خوێندن ..................... ٢٢

3.3 زانینی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر ..................... ٢٢

4.3 بەکارهێنانی ئینتەرنێت ..................... ٢٣

5.3 تەلەفۆنی مۆبایل ..................... ٢٤

بەشی چوارەم: کار ..................... ٢٥

1.4 چوونە نێو بازاڕی کارەوە ..................... ٢٥

2.4 قایلبوون بەکار ..................... ٢٦

3.4 بۆچوونەکان بەرامبەر بەکار ..................... ٢٧

بەشی پێنجەم: تەندروستیی لاوان ..................... ٢٨

1.5 چاودێریی تەندروستی ..................... ٢٨

2.5 باری تەندروستی و جۆر و بڕی خۆراک ..................... ٢٩

3.5 تەندروستیی دەروونی ..................... ٢٩

4.5 کەمئەندامی ..................... ٣٠

5.5 ئەنجامدانی وەرزش و ئارەزووەکان ..................... ٣١

6.5 جگەرە و ئالکۆل ..................... ٣٢

بەشی شەشەم: تەندروستیی منداڵبوون ..................... ٣٣

1.6 زانینی نیشانەکانی باڵغبوون ..................... ٣٣

2.6 تەمەنی گونجاو بۆ هاوسەرگیری ..................... ٣٤

3.6 پشکنینەکانی پێش هاوسەرگیری ..................... ٣٤

4.6 چاودێری لە ماوەی سکپڕی.................................................. ٣٥
5.6 بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕێکخستنی خێزان .............................. ٣٦
6.6 شارەزایی لە نەخۆشییەکانی گواستراوە بە سێکس و ئێدز............... ٣٦
7.6 بۆچوونی لاوان لە بارەی تووشبووانی ئێدز ............................... ٣٨
**بەشی حەوتەم: ڕاگەیاندن و کولتوور............................................................. ٣٩**
1.7 بەدواداچوونی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن .................................. ٣٩
2.7 ئەنجامدانی چالاکییە کولتوورییەکان .................................... ٣٩
**بەشی هەشتەم: بۆچوونی لاوان لەسەر بەشداریی کۆمەلایەتی و هاوولاتیبوون و باری ئاسایش ٤١**
1.8 بەشداریی کۆمەلایەتی .................................................... ٤١
2.8 ماف و بەشداری لە هەلبژاردنەکان........................................ ٤١
3.8 بۆچوون لەمەڕ بەشداری و پێگەی ئافرەت.................................. ٤٢
4.8 کۆچ ...................................................................... ٤٢
5.8 باری ئەمنی ............................................................... ٤٣
**پاشکۆی ژمارە ١ : گرینگترین ئامانجەکان بەپێی پارێزگا ...................................... ٤٥**

# 1 بەشی یەکەم

# ئامانج و بەرنامەڕێژیی ڕووپێو

## 1.1 پێشەکی

دەزگای ناوەندیی ئامار و تێکنۆلۆجیای زانیاری لە وەزارەتی پلاندانان و هاوکاریی گەشەپێدان و وەزارەتی لاوان و وەرزش و دەستەی ئامار و وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان لە هەرێمی کردستان و بەپاڵپشتیی سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نیشتەجێبوون و پرۆژەی عەرەبی بۆ تەندروستیی خێزان لە کۆمکاری وەڵاتانی عارەبی، ڕووپێوی نیشتمانیی ڕواڵ و لاوانی بۆ توژینەوەی لایەنە پەیوەندارەکان بەزانین و بۆچوون و هەڵسوکەوتی ڕواڵ و لاوان لە تەمەنی ١٠ تا ٣٠ ساڵ لە هەردوو ڕەگەز لە عێراق لە ساڵی ٢٠٠٩ ئەنجام دا.

جێبەجێکردنی ئەم ڕووپێوە یەکێك بوو لە پێداویستییە سەرەکییەکانی ئامادەکردنی ستراتیجێکی نیشتمانیی تایبەت بەم بەشەی دانیشتووان کە بەرکەوتەی بارودۆخ و کاریگەریی شەڕ و گەمارۆی ئابووری و تیرۆر و توندوتیژیی عێراقە.

## 2.1 ئامانجەکانی ڕووپێو

ئامانجەکانی ڕووپێوی نیشتمانیی ڕواڵ و لاوان بریتین لە:

* توژینەوەی زانین و بۆچوون و هەڵسوکەوتی ڕواڵ و لاوان لە تەمەنی (١٠–٣٠) ساڵ بەتایبەتی دوای ئەو گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییانەی عێراق لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ بەخۆیەوە دیویانی بۆ داڕشتنی ستراتیجێکی نیشتمانیی ڕوون بۆ لاوان کە خواست و ویستەکانی ئەم بەشە تەمەنییەی دانیشتووان دابین بکات.

* دامەزراندنی بنکەی زانیاری لە بارەی لاوانەوە بۆ خزمەتکردنی توێژەر و پلاندانەر و بڕیاردەر و داهێنەرانی سیاسەت لە ئامادەکردنی پلان و پرۆگرامی تەندروستی و کۆمەڵایەتی و گەشەپێدان بۆ باشترکردنی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری و تەندروستییان.

## 3.1 پرۆگرام و ئامرازەکانی ڕووپێو

- بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ڕووپێوەکە، فۆرمێکی زانیاریخوازی داڕێژرا کە ئەم بەشانەی لەخۆ دەگرت:
- زانیاریی ناساندنی تایبەت بەخێزان و یەکەی نیشتەجێبوون
- پشتینەی تاکەکان (١٠ – ٣٠) ساڵ
- خوێندن – تایبەت بەوانەی لە خوێندن بەردەوامن (١٠ – ٣٠) ساڵ
- کار و کارپێکردن بۆ تەمەنی (١٠ – ٣٠) ساڵ
- تەندروستی بۆ تەمەنی (١٠ – ٣٠) ساڵ
- نەخۆشییەکانی گواستراوە بەسێکسکردن و ئێدز بۆ تەمەنی (١٥ – ٣٠) ساڵ

- تەندروستیی منداڵبوون بۆ مێ بۆ تەمەنی (١٢ — ٣٠) ساڵ
- تەندروستیی منداڵبوون بۆ نێر بۆ تەمەنی (١٢ — ٣٠) ساڵ
- باری خۆراکی بۆ تەمەنی (١٠ — ٣٠) ساڵ
- تەندروستیی دەروونی و کۆمەڵایەتی و کاتی پشوو بۆ تەمەنی (١٠ — ٣٠) ساڵ
- ڕاگەیاندن و کولتوور بۆ تەمەنی (١٠ — ٣٠) ساڵ
- لاوان و وەرزش بۆ تەمەنی (١٠ — ٣٠) ساڵ
- کەمئەندامی بۆ تەمەنی (١٠ — ٣٠) ساڵ
- لاوان و وتێکنۆلۆجیای زانیاری بۆ تەمەنی (١٠ — ٣٠) ساڵ
- لاوان و ئاسایش بۆ تەمەنی (١٠ — ٣٠) ساڵ
- بەشداریی لاوان بۆ تەمەنی (١٠ — ٣٠) ساڵ
- مافە مەدەنییەکان و هاووڵاتیبوون بۆ تەمەنی (١٨ — ٣٠) ساڵ

چەند کۆبوونەوە و دیدارێکی پسپۆڕان ئەنجام دران، بەبەشداریی نوێنەرانی ڕێکخراو و لایەنە بەشدارە پەیوەندیدارەکان لە دەزگای ناوەندیی ئامار و تێکنۆلۆجیای زانیاری و وەزارەتی لاوان و وەرزش و دەستەی ئامار و وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان و پرۆژەی عەرەبی بۆ تەندروستیی خێزان لە کۆمکاری وەڵاتانی عارەبی، هەروەها ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی و یۆنیسکۆ و یونیسیف و ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی و پرۆگرامی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان و دەستەی سوریایی بۆ کاروباری خێزان، تیایدا گفتوگۆ لەسەر فۆرمی زانیاریخوازییەکە کرا و شێوەی کۆتاییی داڕێژرا.

پرۆسەی کۆکردنەوەی زانیارییەکان لە ٤/١٥ تا ٢٠٠٩/٥/١٠ بەردەوام بووە، زانیارییەکان بەبەکارهێنانی چەپکی پرۆگرامەکان CSPro داخڵ کران و بەچەپکی ئامار SPSS شی کرانەوە.

## 4.1 دیزاینی نموونە و شێوەی هەڵبژاردنی یەکەکانی پشکنین

نموونەی ڕووپێوی ڕواڵ و لاوان بۆ ساڵی ٢٠٠٩ بەشێوەیەك داڕێژرا کە نوێنەرایەتیی هەموو پارێزگەکان بەرێژەی متمانەی ٩٥٪ بکات و، ڕێژەی ڕێپێدراوی هەڵەی ٧٪، لە دیاریکردنی قەبارەی نموونەکەش ڕەچاوەی ئەوە کراوە لایەنداری لە ئەنجامی شێوازی هەڵبژاردنی هێشوییی خێزانەکان و چارەسەرکردنی ڕێژەی بەدەنگەوە نەهاتن لەلایەن چەند خێزانێکەوە لەگەڵ توێژەرە مەیدانییەکان یان نەبوونی هەندێکیان لەنێو یەکە نیشتەجێییەکان لە کاتی ئەنجامدانی ڕووپێوی مەیدانیدا.

بۆ گەیشتن بەئاماژەگەلێك کە کێشی ڕێژەیی دانیشتووان لە هەموو چینە دیاریکراوەکان لەبەر چاو بگرێ، زانیارییەکان لەسەر بنەمای قورسایی نیشتەجێیانی هەر توێژێك یەکلا کرانەوە، بەشێوەیەك کە ئاماژەکان لە ئاکامی ڕووپێوەکە هاوسەنگ و بەژمارەی دانیشتووانەوە هاوسەنگ کران. واتا ئاماژەکانی پارێزگەی بەغدا کێشی هاوسەنگیان بەڕێژەی ٢٢,١٪ هەیە لە کاتی ئەژمارکردنی ئاماژەکان بۆ هەموو عێراق و پارێزگەی موسەنا ٢,٢٪ی کێشی هاوسەنگی هەموو عێراقی هەیە و هەتا دوایی.

لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی سەرەوە، قەبارەی نموونەکە بووە ٦٧٣٠ خێزان، ٣٦٠ خێزان بۆ هەر پارێزگایەك، جگە لە بەغدا کە تیایدا نموونەکە ٦١٠ خێزان بوو و، دابەش کرانە سەر (شار ناوەند – شار دەوروبەر – گوند)، ٢٥٠٠ خێزان لە ناوەندی شار و ٢٢٥٠ خێزان لە دەوروبەری شار و ١٩٨٠ خێزان لە گوندەکان و لەسەر ئاستی هەموو عێراق.

– کۆمەڵی ئامانج

بۆ ئاگاداری لە باری هەردوو توێژی ڕواڵ و لاوان لە عێراق لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی بەسەر ئەم دوو توێژەدا هاتووە لە بارودۆخ و ئاسەواری شەڕ و سزای ئابووری و تیرۆر و توندوتیژی. ئەم ڕووپێوە جەخت لەسەر ئەم دوو کۆمەڵ دەکات:

ڕێژەی دانیشتووان لە ١٠ ساڵەوە تا کەمتر لە ١٨ ساڵ (١٩٪)

ڕێژەی دانیشتووان لە ١٨ ساڵەوە تا ٣٠ ساڵ (٢٣٪)

واتا ئەم ڕووپێوە کۆمەڵێکی تەمەن دەکاتە ئامانج کە ٤٢٪ی دانیشتووانی عێراقە. دەردەکەوێ کە کۆمەڵەی ئامانج توێژێکی فراوان دەگرێتەوە بەڵام بەسەر چەند پۆلێن و بارێکی جیاوازدا دابەش دەبێ. زۆرینەی ئەو تاکانەی لە تەمەنی (١٠–٣٠) ساڵن لە تەمەنی خوێندنن بە قۆنغە جیاجیاکانیەوە. هەروەها بەشێکیان لە بازاڕی کارن.

داڕشتنی نموونەکە پشتی بەم پێوەرانە بەستووە"

. دابینکردنی ئاماژە بەئاستی نوێنەرایەتیی گونجاو لەسەر ئاستی پارێزگەکان و لەسەر ئاستی سێ توێژ لە هەر پارێزگەیەك: شار ناوەند – شار دەوروبەر – گوند، لەبەرئەوەی ئەو ڕووپێوانەی لە سێ ساڵی ڕابردوو لە عێراق ئەنجام دراون هەوڵیان داوە بگەنە ئەم ئاستەی وردەکارییە.

. گونجاندنی چوارچێوەکانی بەردەست بۆ هەڵبژاردنی نموونەیەکی نوێنەر تا ڕادەیەکی گونجاو لەگەڵ نەبوونی چوارچێوەیەکی دانیشتووانی نوێ.

. هەڵبژاردنی نەخشەیەکی پێداچوونەوە کە لەگەڵ باری کاری مەیدانی لە عێراق گونجاو بێت و زامنی بەدواداچوونی لێهاتووانەی بێت.

بەپێی ئەم پێوەرانە، قەبارەی نموونەکە بەپێی ئەم هاوکێشەیە ئەژمار کراوە:

$$n = \frac{Z^2 pq(1+NR)(DE)}{d^2 (HH's)(r)}$$

کە تیایدا:

Z: سنووری متمانەی گوزارشت لێ کراوە بەبەهای zی خشتەیی و بەئاستی واتاییی (5%) و یەکسانە بە 1.96

p: ڕێژەی نوێنەرێ یەکێ لە گۆڕاوەکانی ڕووپێوەکە (ڕێژەی 0.5 هەڵبژێررا بۆ ئەوەی بەلەخۆگرتنی زۆرترین جیاوازیی چاوەڕوانکراوی نێوان دیتنەکان ڕووپێو بکرێ) – یەکسانە بە 0.5

Pq: جیاوازیی ڕێژە – یەکسانە بە 0.25

NR : ڕێژەی بەدەنگەوە نەهاتن – یەکسانە بە4%

DE: فاکتەری کاریگەریی نەخشە (زیادکردنی قەبارەی نموونە لێرەدا بۆ نزیکەی دوو ئەوەندە بۆ چارەسەرکردنی لایەنداریی دەرکەوتوو لە بەکارهێنانی شێوازی چاودێریی هێشوویی) –یەکسانە بە1.8

HH`S : قەبارەی ناوەندیی خێزان –یەکسانە بە ٦,٦ لە شار

٧,٦ لە گوند

٦,٩ (شار و گوند)

r: ڕێژەی تاکەکان لە تەمەنی (١٠-٣٠) ساڵ -یەکسانە بە ٤٢٪

d: هەڵەی ڕێپێدراو -یەکسانە بە ٧٪

خشتەی داهاتوو دابەشکردنی قەبارەی نموونەی هەڵبژێراو بەسەر پارێزگەکاندا نیشان دەدا.

**خشتەی داهاتوو دابەشکردنی نموونە بەسەر پارێزگەکانی کوردستانی عێراقدا بەپێی خێزانەکان**

| پارێزگا | ژمارەی خێزانەکانی بەشدارکراو | | | | | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | شار ناوەند | | شار دەوروبەر | | گوند | | | |
| | خێزان | تاک | خێزان | تاک | خێزان | تاک | خێزان | تاک |
| دهۆک | 125 | 350 | 125 | 350 | 110 | 350 | 360 | 1050 |
| هەولێر | 125 | 350 | 125 | 350 | 110 | 350 | 360 | 1050 |
| سلێمانی | 125 | 350 | 125 | 350 | 110 | 350 | 360 | 1050 |
| کۆی گشتی | 375 | 1050 | 375 | 1050 | 330 | 1050 | 1080 | 3150 |

دیمانە لەگەڵ ٦٤٩٢ خێزانی ژیان کراوە و ڕێژەی وەڵامدانەوە گەیشتە ٩٦,٥٪ لەهەموو عێراق و هەروەها لە هەموو عێراقدا دیمانە لەگەڵ ١٥٠٨٧ لاو (کوڕ و کچ) کرا و ڕێژەی وەڵامدانەوەی گشتی گەیشتە ٩٢,٦٪، لە هەرێمی کوردستان دیمانە لەگەڵ ٩٧٩ خێزان ئەنجامدراو ڕێژەی وەلامدانەوە گەیشتە ٩٠,٦٪، هەروەها دیمانە لەگەڵ ١٩٧٠ لاو کراو و ڕێژەی وەڵامدانەوە گەیشتە ٨٢,٨٪ کە (٩١,١٪ بۆ مێ و٧٤,٩٪ بۆ نێر)، لەهەرێمی کوردستان و زۆرترین ڕێژەی وەڵامدانەوە گەیشتە (٩٧٪) لە پارێزگەی دهۆك و کەمترینی (٧٣,٢٪) لە پارێزگەی سلێمانی بوو.

## بەشی دووەم 2

# تایبەتمەندییەکانی نموونەی تۆژینەوەکە

### 1.2 تایبەتمەندییەکانی گشتیی لاوان

پێکهاتەی تەمەن و ڕەگەز

خشتەی ژمارە (١) دابەشکردنی ڕەگەز و تەمەنی لاوان پێشان دەدا بەگوێرەی ژینگە و، دەری دەخا کە نزیکەی ٢٩٪ی لاوانی توێژراو لە تەمەنی (١٠ – ١٤) ساڵن و زیاتر لە نیوەیان لە تەمەنی (١٥ – ٢٤) ساڵن و لاوان لە تەمەنی (٢٥ – ٣٠) ساڵ نزیکەی ٢٢٪ی ژمارەی گشتیی لاوانی نموونەکەن.

خشتەکە ئەوەش دەردەخا کە ٤٤,١٪ی نموونەکە نێرن ٥٥,٩٪یان مێن، هەروەها دەردەکەوێ کە جیاوازی لە پێکهاتەی تەمەن و ڕەگەز بەپێی ژینگە هەیە.

**خشتەی ١: دابەشکردنی تەمەنیی لاوانی ( ١٠ - ٣٠ ) ساڵ بەپێی ژینگە پێشان دەدا**

| تایبەتمەندی | ژینگە | | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| تەمەن | شار ناوەند | شار دەوروبەر | گوند | |
| 14-10 | 29.2 | 26.5 | 31.3 | 28.6 |
| 18-15 | 21.2 | 20.1 | 20.4 | 20.6 |
| 24-19 | 28.0 | 28.1 | 30.8 | 28.6 |
| 30-25 | 21.5 | 25.3 | 17.6 | 22.1 |
| ڕەگەز | | | | |
| نێر | 47.3 | 41.0 | 43.8 | 44.1 |
| مێ | 52.7 | 59.0 | 56.2 | 55.9 |
| گشتی | 100.0 | 100.0 | 100.0 | 100.0 |
| ژمارەی لاوان | 842 | 787 | 432 | 2,061 |

**باری خێزانداری:**

ئاکامەکانی ڕووپێوەکە دەری دەخەن کە نزیکەی ٢٣٪ی لاوان لە کاتی ڕووپێوەکە خێزاندار بوون و، ڕێژەی مێی خێزاندار نزیکەی دوو ئەوەندەی نێری خێزاندار بوو وەك لە شێوەی ژمارە (١) دەردەکەوێ.

**شێوەی ١: دابەشبوونی ڕێژەیی لاوان لە تەمەنی (10-30) ساڵ بەپێی باری خێزانداری و ڕەگەز**




وەك چاوەڕوان دەكرێ ڕێژەی سەڵتی لەگەڵ زیادبوونی تەمەن كەم دەبێ و، لە تەمەنی (١٠ – ١٤) ساڵ نزیكەی هەموویان سەڵتن و ڕێژەكە بەرەو زیادبوون دەڕوا تا دەگاتە نزیكەی ٣٨٪ی لاوان لە تەمەنی (٢٥ – ٣٠) ساڵاندا.

## 2.2 باری نیشتەجێیی لاوان

فۆرمی ڕووپێو چەند پرسیارێكی تایبەت بەنیشتەجێبوون لەخۆ گرتبوو، خشتەی ژمارە (٢) دابەشكردنی لاوان بەپێی هەندێ تایبەتمەندیی ئەو یەكەی نیشتەجێبوونەی تێیدا دەژین پێشان دەدا.

**خشتەی ٢: دابەشبوونی لاوان لە تەمەنی (10-30) ساڵ بەپێی تایبەتمەندیی یەكەی نیشتەجێبوون و ژینگە**

| تایبەتمەندیی نشینگە | ژینگە | | | كۆ |
|---|---|---|---|---|
| | شار ناوەند | شار دەوروبەر | گوند | |
| **جۆری نشینگە** | | | | |
| سەربەخۆ | 65.8 | 74.6 | 85.6 | 73.3 |
| هاوبەش | 34.2 | 25.4 | 14.4 | 26.7 |
| **جۆری یەكەی نیشتەجێبوون** | | | | |
| خانوو | 99.3 | 99.2 | 97.7 | 98.9 |
| ئەپارتمان (شوقە) | 0.2 | 0.7 | 0.0 | 0.3 |
| كەپر/كۆخ/كەرەڤانە | 0.0 | 0.1 | 1.7 | 0.4 |
| هی تر | 0.5 | 0.0 | 0.6 | 0.3 |
| **خاوەندارێتیی نشینگە** | | | | |
| موڵك | 69.5 | 77.8 | 90.3 | 77.0 |
| كرێ | 25.4 | 17.2 | 1.6 | 17.3 |
| بەخۆڕایی | 3.9 | 5.0 | 8.1 | 5.2 |
| هی تر | 1.2 | 0.0 | 0.0 | 0.5 |
| كۆی ژمارەی لاوان | 842 | 787 | 432 | 2,061 |

دەردەكەوێ كە نزیكەی ٦٩٪ی لاوان لە خانووی سەربەخۆدا دەژین و ئەم ڕێژەیە لە دەوروبەری شار و گوندەكاندا بەرزتر دەبێ، هەروەها زۆرینەی زۆریش لە خانوودا دەژین و، نزیكەی لە ٧٧٪ی لاوانی نموونەكە لە خانووگەلێكدا نیشتەجێن كە موڵكی خێزانەكانیانە.

# بەشی سێیەم 3
# خوێندن و تێکنۆلۆجیا

## 1.3 چوونە بەر خوێندن

ئاکامەکانی ڕووپێوەکە دەری دەخەن کە نزیکەی ١٠٪ی لاوان لە تەمەنی (١٠ — ٣٠) ساڵ پێشتر نەچوونەتە بەر خوێندن و ئەم ڕێژەیە لەنێو تەمەنەکانی بچووکتردا (١٠ — ١٤) ساڵ کەمتر دەبێ تا دەگاتە ١,٦٪ و لەنێو تەمەنەکانی گەورەدا (٢٥ — ٣٠) ساڵ زیاد دەبێ و دەگاتە بەرزترین ئاست (٢٠,٨٪).

لە ٣٨,٦٪ ڕێگریی کەسوکار هۆکاری سەرەکیی نەچوونە بەر خوێندن بوو، ئەم ڕێژەیە لە نێو نێر لە مێ زۆر کەمترە، هەروەها دووریی قوتابخانە لە ماڵ و باری دارایی بەپلەی دووەم و سێیەم دێن وەك لە شێوەی (٢) دەردەکەوێ.

شێوەی ٢: دابەشبوونی ڕێژەی لاوان تەمەن (١٠-٣٠) ساڵ بەپێی هۆکاری نەچوونە بەرخوێندن




٥٤,٧٪ی لاوان لە تەمەنی (١٠ — ٣٠) ساڵ لە کاتی ڕووپێوەکەدا پەیوەندی بە دەزگا فێرکارییەکانەوە دەکەن، ئەم ڕێژەیەش بەرز دەبێتەوە تا دەگاتە ٩٣,٥٪ بۆ تەمەنی (١٠–١٤) ساڵ و جیاوازی لە نێوان ڕێژەی پەیوەندیکردنی نێر و مێدا هەیە.

شێوەی ٣ : ڕێژەی لاوان لەتەمەنی (١٠-٣٠) ساڵ کە ئێستا لەبەرخوێندندان بەپێی تەمەن ورەگەز




## 2.3 بەجێهێشتنی خوێندن

ئاکامەکان دەری دەخەن کە 4.9٪ی لاوان لە تەمەنی (١٠ – ١٤) ساڵ خوێندنیان تا سەر نەگەیاندووە، بەڵام بۆ لاوان لە تەمەنی (١٥ – ٢٤) ساڵ ئەو ڕێژەیە بەرزدەبێتەوەبۆ ٣٦٪ و هۆی یەکەمی بەجێهێشتنی خوێندن لای لاوانی کۆمەڵەی یەکەم دا ڕەزامەندنەبوونی باوان بووە و کۆمەڵەی دووەم حەزنەکردنە لە تەواوکردنی خوێندن و باری ئابووری بە پلەی سێیەم دێت هەروەك دەرکەوتووە لە (شێوەی ٤).

شێوەی ٤: ڕێژەی ئەو لاوانەی لەبەر هۆکاری دیاریکراو خوێندنیان بەجێ هێشتووە, بەپێی تەمەن




## 3.3 زانینی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر

زانیارییەکانی ڕووپێوەکە دەری دەخەن کە نزیکەی ٤٠٪ی لاوانی هەرێمی کوردستان لە تەمەنی (١٠ – ٣٠) ساڵ شارەزاییان لە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر هەیە و نزیکەی ١٣٪یان ئەو زانینەیان بەباش داناوە وەك لە شێوەی (٥) دەردەکەوێ.

شێوەی ٥: دابەشکردنی ڕێژەی لاوان لە تەمەنی (١٠-٣٠ ) ساڵ بەپێی زانینی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر




## 4.3 بەکارهێنانی ئینتەرنێت

نزیکەی ١٢٪ی لاوان ئینتەرنێت بەکار دێنن و ئەم ڕێژەیە لە نێو نێردا زیاترە (١٧,٨٪) وەك لە مێ (٧,٢٪). گەڕان بەسایتەکاندا یەکێکە لە بوارە سەرەکییەکانی بەکارهێنانی ئینتەرنێت لای ٤١,٥٪ی لاوانی بەکارهێنی ئینتەرنێت لە بەرامبەر ٣٥,٥٪ بۆ چات و گفتوگۆ.

نزیکەی سێ چارەکی لاوانی بەکارهێنەری ئینتەرنێت پێیان وایە چوونە نێو سایتە ڕووتەکان یەکێکە لە ڕووە خراپەکانی بەکارهێنانیەتی، هەروەها ٢٩,٢٪یان پێی وایە تەنگ پێ هەڵچنین و بەزاندنی مافی کەسانی تر و هەروەها ٧,٦٪یان پێی وایە دەکرێ بۆ کاری تیرۆریستی بەکار بهێنرێ وەك یەکێکی تر لە ڕووەکانی خراپ بەکارهێنان.

شێوەی ٦: ڕێژەی لاوان لە تەمەن ( ١٠-٣٠ ) ساڵ کە ئینتەرنێت بەکاردەهێنن و پێیان وایە ڕووگەلی خراپ بۆ بەکارهێنانی هەیە هەرێمی کوردستانی عیراق



## 5.3 تەلەفۆنی مۆبایل

ئاکامەکان دەری دەخەن کە نزیکەی ٥٣٪ی لاوانی هەرێمی کوردستان تەلەفۆنی مۆبایلی هەیە و ئەم ڕێژەیە لە نێو نێردا بەرزترە (٦٩٪) وەك لە مێ (٤١٪)، نزیکەی ٣٣٪ لەمانە پێی وایە مۆبایل زیانی ئابووریی هەیە و نزیکەی ٤٧,٨٪ لەوان پێی وایە بێزارکردن یەکێکە لە زیانەکانی و ٣٦,٥٪یان پێی وایە کە زیانی تەندروستیی هەیە، لە بەرامبەر ٩,٨٪ کە پێیان وایە هیچ زیانی نییە.

# بەشی چوارەم 4

# کار

## 1.4 چوونە نێو بازاڕی کارەوە

ئاكامەكانی رووپێوەكە دەری دەخەن كە ٢١٪ی لاوان لە تەمەنی (١٠ – ٣٠) ساڵ لە كاتی رووپێوەكەدا كاریان دەكرد، ئەم رێژەیەش لەنێو لاوانی تەمەن (٢٥ – ٣٠) بەرزتر دەبێ تا دەگاتە ٤٣٪، هەروەها رێژەی نێری كاركەر لە كاتی رووپێوەكەدا (٣٩,٥٪) زیاترە لە شەش ئەوەندەی رێژەی مێی كاركەر (٦,٣٪)، وەك لە شێوەی (٧) دەردەوێ.

شێوەی ٧: رێژەی لاوانی كاركەر لە تەمەنی (١٠-٣٠) ساڵ لە كاتی رووپێوەكە بەپێ ی تەمەن و رەگەز




ئاكامەكان ئەوەش دەردەخەن كە یەكێك لە هەر چوار لاوێك یان لە كاتی رووپێوەكەدا و یان لە ساڵی پێش رووپێوەكە كار كردووە و زیاتر لە نیوەی ئەوانە (٥٩٪) لەبەر خراپیی باری ئابووری كاری كردووە.

## 2.4 قەناعەت بەکار

لەبارەی باوەڕبوونی لاوان بەو کارانی دەیکەن، ئاکامەکان دەری دەخەن کە ٢١,٣٪یان قەناعەتیان بەو کارانە نییە وەك لە شێوەی (٨) دیارە.

**شێوەی٨: دابەشکردنی ڕێژەی لاوانی کارکەر لە تەمەنی (١٠-٣٠) ساڵ بەگوێرەی باوەڕبوون بەکارەکانیان**




لە لایەکی ترەوە نزیکەی ٦٠٪ لاوانی کارکەری بێ باوەڕ بەکارەکانیان پێیان وایە ئەو کرێیەی وەری دەگرن لە ئاستی ماندووبوون و شارەزاییان نییە نزیکەی ٣٣٪یان قەناعەتیان بەجۆری کارەکە نییە (شێوەی ٩).

**شێوەی ٩: ڕێژەی لاوانی کارکەری بێ باوەڕ بەکارەکانیان بەپێ ی هۆکارەکانیان**



## 3.4 تێڕوانین لە کار

ئاکامەکانی ڕووپێوەکە دەری دەخەن کە ١٢,١٪ی لاوان لە تەمەنی (١٠ — ٣٠) ساڵ لەگەڵ ئەوەدان لاو دەبێ لە تەمەنی ژێر ١٥ ساڵەوە بچێتە نێو بازاڕی کارەوە ئەم ڕێژەیەش لەنێو نێر زیاترە (١٢,٨٪) لە مێ (٨,٦٪).

٦٣,٦٪ی لاوانیش پێیان وایە یەکێ لە لایەنە خراپەکان زوو چوونە بەر کار بریتییە لە بەجێهێشتنی خوێندن جگە لە کاریگەریی لەسەر تەندروستی (٣٨,٧٪) هەروەها ٢٩,٥٪ پێیان وایە کە دەبێتە هۆی تێکەڵی لەگەڵ خەڵکی خراپەکاریش.

سەبارەت کاری ئافرەتیش، ٥٧,٦٪ی لاوان لە تەمەنی (١٠ — ٣٠) ساڵ لایەنگری کارکردنی ئافرەتن و ئەم ڕێژەیە لەنێو مێ زیاترە لەوەی نێو نێر، بڕوانە شێوەی (١٠).

**شێوەی ١٠: ڕێژەی لاوان لە تەمەنی (١٠-٣٠) ساڵ کە لایەنگری کارکردنی ئافرەتان و زوو چوونە بەرکارکردن بەپێی ڕەگەز**



# بەشی پێنجەم 5
## تەندروستیی لاوان

### 1.5 چاودێریی تەندروستی

لە ئاكامەكان دەردەكەوێ كە ٨٥,١٪ی لاوان لە تەمەنی (١٠ – ٣٠) ساڵ پێیان وایە تەندروستییان باشە و نزیكەی ١١,٤٪ پێیان وایە تەندروستییان مامناوەندییە وەك لە شێوەی ژمارە (١١) دەردەكەوێ.

شێوەی ١١: دابەشكردنی لاوانی تەمەن (١٠-٣٠) ساڵ بەپێی هەڵسەنگاندنی باری تەندروستیان




٣١,٩٪ی لاوان گرینگی بەپاكیی خۆیان دەدەن وەك كارێكی ئاسایی چاودێریی تەندروستیی خۆیان و زیاتر لە سێیەكیان خواردنی باش بەمەبەستی پاراستنی تەندروستییان دەخۆن (شێوەی ١٢).

شێوەی ١٢: رێژەی ئەو لاوانەی بۆ چاودێری تەندروستی خۆیان رێوشوێنی تایبەت دەگرنە بەر



## 2.5 باری تەندروستی و جۆر و بڕی خواردن

دەرکەوت کە ٣٩,١٪ی لاوان لە تەمەنی (١٠ – ٣٠) ساڵ ژەمی خێرا ناخۆن، ئەم ڕێژەی لەنێو مێدا دەگاتە (٤٤,٦٪) لە کاتێکدا لا نێر (٣٢٪)وە، ئەم ڕێژانەش بەگوێرەی ژینگە دەگۆڕێن وەك لە شێوەی (١٣)دا دیارە.

شێوەی ١٣: ڕێژەی لاوان لە تەمەنی (١٠-٣٠) ساڵ کە ژەمی خێر اناخۆن، بەپێی ژینگە




ئاکامەکان ئاشکرای دەکەن کە تێکڕای خواردنی ژەمی خێرا لە لایەن لاوان لە تەمەنی (١٠ – ٣٠) ساڵ ئەوانەی دەیخۆن نزیکەی دوو ژەمە لە هەفتەیەکدا.

لە بارەی کاریگەریی بڕ و جۆری خواردن بەسەر مرۆڤەوە، ٤٣,١٪ی لاوان پێیان وایە بڕی خواردن کار دەکاتە سەر تەندروستیی مرۆڤ و لە بەرامبەردا ٣٧,٤٪یان پێی وایە جۆری خواردن کار دەکاتە سەر تەندروستیی مرۆڤ، لە لایەکی ترەوە ٢٦٪یان پێی وایە بڕ و جۆری خواردن و ڕێکی لە وادەی خواردن هەموویان کار دەکەنە سەر تەندروستیی مرۆڤ.

## 3.5 تەندروستیی دەروونی

شێوەی (١٤) ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە زیاتر لە سێ چارەکی لاوان لە تەمەنی (١٠– ٣٠) ساڵ لە کوردستانی عێراق لەم کاتەدا لە خۆیان ڕازین و ٧٠٪یان دڵشادە، هەرچەندە ڕێژەکە بەگوێرە تەمەن و ڕەگەز دەگۆڕێ.



شێوەی ١٤: ڕێژەی لاوانی تەمەن (١٠-٣٠) ساڵ کە هەست بە دڵشادی دەکەن بەپێی تەمەن و ڕەگەز

شەریش جێی نیگەرانیی ١٣,٣٪ی لاوانی کوردە و ٢١,٩٪یان لە تاقیکردنەوە نیگەرانن هەروەها ٢٠,٣٪یان لە کەوتن لە تاقیکردنەوە نیگەرانن.

٨٠,٢٪ی لاوانی کورد گەشبینن و ئەم ڕێژەیە لەنێو لاوانی گەنجتر لە تەمەنی (١٠—١٤) ساڵدا زیاد دەبێت، جیاوازییەکی دیاریش لەنێو مێ و نێر لەمەدا نییە (شێوەی ١٥).



شێوەی ١٥: ڕێژەی لاوانی تەمەن (١٠-٣٠) ساڵ کە گەشبینن بەپێی تەمەن و ڕەگەز

## 4.5 کەمئەندامی

ئاکامەکان دەری دەخەن کە ١,٢٪ی لاوان کەمئەندامن و ٤٤,٥٪ی کەمئەندامان لە جووڵە کەوتوون و ٤١,٥٪ی حاڵەتەکان زکماکن و نزیکەی ٦,٥٪یان بەهۆی نەخۆشییەوەن و نزیکەی ١٥٪یان بەهۆی بەرکەوتن و ڕووداوەوەن.

بەگشتی ٥٣,٢٪ی لاوان لە تەمەنی (١٠— ٣٠) ساڵ پێیان وایە دەکرێ کەمئەندامان بگونجێنرێن لە ڕێی بنکەگەلی شیاندنی پزیشکیی و ٣٩٪یان دەڵێن شیاندنەکە دەکرێ لەڕێی دەزگای فێرکارییەوە بێ.

٦٩,٦٪ پێیان وایە کەمئەندامان پێویستیان بەشیاندنی پزیشکی هەیە لە بەرامبەر ٢٩,٢٪ کە پێیان وایە کەمئەندامان پێویستیان بەشیاندنی دەروونی هەیە (شێوەی ١٦).

شێوەی ١٦: ڕێژەی لاوانی تەمەن (١٠-٣٠) کە زانینیان لەمەڕ شیاندنی کەمئەندامان هەیە و پێیان وایە بە شیاندنی جۆراوجۆر هەیە




## 5.5 ئەنجامدانی وەرزش و ئارەزوو

ئاکامەکان ئاشکرای دەکەن کە تەنیا ١٤٪ی لاوانی کوردی عێراق لە تەمەنی (١٠ – ٣٠) ساڵ دەچنە یانە وەرزشییەکان و جیاوازیی زۆریش لە نێوان ڕێژەی نێر (٢٥٪) و ڕێژەی مێ (٥٪) هەیە.

٣٦,٦٪ی ئەو لاوانەی ناچنە یانە وەرزشییەکان هۆکارەکەی دەگەڕێننەوە بۆ نەبوونی یانەی نزیک لێیان و هەروەها دابونەریتە کۆمەڵایەتی و ئاینییەکان لای ٢٥,٣٪یان ڕێگرن لە چوون بۆ ئەو یانانە و ئەم ڕێژەیە لەنێو مێدا بەرز دەبێتەوە بۆ ٣٩٪ و زۆر لە ڕێژەی نێر (٣,٥٪) بەرزترە.

دەریش دەکەوێ کە نزیکەی ٢٤٪ی لاوانی هەرێمی کوردستان هیچ ئارەزوویەکیان نییە و سێیەکیان سەیرکردنی تەلەفزیۆنیان کردووە بەئارەزوو و ٢٥,٤٪یان وەرزش دەکەن.

لە بارەی ئەو چالاکییانەی لاوان حەزیان لێ دەکەن، دەرکەوتووە کە بەرزترین ڕێژە هی چالاکیی وەرزشییە (٣٥٪) (شێوەی ١٧).

شێوەی ١٧: ڕێژەی لاوانی تەمەن (١٠-٣٠) ساڵ کە چالاکی ئەنجام دەدەن



## 6.5 جگەرە و مەی

55.4٪ی لاوانی هەرێمی کوردستان لە تەمەنی (١٠ – ٣٠) ساڵ کەسانێك لە تەمەنی خۆیان دەناسن کە جگەرەکێشن و ئەم ڕێژەیە لای نێر دەگاتە 73٪ کە دوو ئەوەندەی ڕێژەکەیەتی لەنێو مێدا (41.6٪)، هەروەها 25.3٪یان کەسانێك لە تەمەنی خۆیان دەناسن کە نەرگیلە دەکێشن.

لە بارەی مەی خواردنەوەش نزیکەی ٧٪ی لاوان کەسانێك لە تەمەنی خۆیان دەناسن کە دەیخۆنەوە و، ئەم ڕێژەیە لەنێو نێردا بەرزە و دەگاتە ١٤,٣٪ و لەنێو مێدا تەنیا ١٪ە.

نزیکەی ١٤,١٪ی لاوانی هەرێمی کوردستان پێیان وایە کە لاساییکردنەوەی هاوتەمەنان هۆکارە بۆ خواردنەوەی مەی و مادەی هێورکەرەوە و هۆشبەرەکان لەلایەن گەنجانەوە، هەروەها پێنجیەکیان پێی وایە هۆکارەکە کات بەسەربردنە (شێوەی ١٨).

**شێوەی ١٨: ڕێژەی لاوانی تەمەن (١٠-٣٠) هۆکارەکانی خواردنەوەی مەی و مادده هۆشبەرەکان لای لاوان دیاری دەکەن**



# 6 بەشی شەشەم

# تەندروستیی مندالبوون

## 1.6 زانینی نیشانەکانی باڵغبوون

شێوەی (١٩) ڕێژەی ئەو لاوانە نیشان دەدا کە زانینیان لە بارەی نیشانەکانی باڵغبوونەوە هەیە بەپێی ڕەگەز و تەمەن و، ئاشکرای دەکا کە کۆمەڵی تەمەنی (١٢ – ١٤) ساڵ کەمترین زانینیان هەیە، هەروەها دەردەکەوێ ڕێژەی زانین لەنێو مێ لە هی نێر بەرزترە.

شێوەی ١٩: ڕێژەی لاوانی تەمەن (١٠-٣٠) ساڵ کەیەکێ لە نیشانەکانی باڵغبوونی خۆیان دەزانن




شێوەی (٢٠)یش ڕێژەکانی زانینی لاوان لە بارەی نیشانەکانی باڵغبوونی ڕەگەزەکەی تر پێشان دەدا و، ئاشکرای دەکا کە ڕێژەکە لەگەڵ جیاوازیی تەمەن دەگۆڕێ و زانین لەنێو مێ بەرزترە وەك لەنێو نێر.

**شێوەی ٢٠: ڕێژەی لاوانی تەمەن (١٠-٣٠) ساڵ کەیەکێ لە نیشانەکانی باڵغبوونی ڕەگەزەکەی تر دەزانن**




## 2.6 تەمەنی گونجاو بۆ هاوسەرگیری

ئەم شێوەیەی خوارەوە پێشاندەری ڕای نێر و مێیە لە بارەی تەمەنی گونجاو بۆ هاوسەرگیری و ئاماژە بۆ نەبوونی جیاوازیی بنەڕەتی لە نێو هەردوو ڕەگەز لەم بوارەدا دەکا.

**شێوە ٢١ : نێوەندی تەمەنی گونجاو بۆ هاوسەرگیری بە بۆچوونی لاوانی تەمەن (١٠-٣٠) ساڵ بەپێی ڕەگەز**



## 3.6 پشکنینی پێش هاوسەرگیری

نزیکەی ٨٢٪ی ئەو مێیانەی شوویان کردووە پێش هاوسەرگیری پشکنینیان کردووە، هەروەها مێردەکانیشیان و ٨٥,٤٪ی ئەو نێرانەی ژنیان هێناوە لەگەڵ ژنەکانیان پشکنینیان کردووە. ئەم ڕێژانەش بەپێی ژینگە دەگۆڕێن (شێوەی ٢٢).

**شێوەی ٢٢: ڕێژەی لاوانی خێزاندار تەمەن (١٢-٣٠) ساڵ کە پشکنینی پێش هاوسەرگیریان ئەنجام داوە، بەپێی ڕەگەز و ژینگە**




## 4.6 چاودێری لە کاتی سکپڕیدا

ئاکامەکانی ڕووپێوەکە دەریان خستووە کە ١٢,٦٪ مێی شووکردوو لە تەمەنی (١٢ – ٣٠) ساڵ لە کاتی ڕووپێوەکەدا دووگیان بوون و ٧٧,٨٪ی ئەمانە هەوڵی بەدەستهێنانی چاودێریی تەندروستییان لە ماوەی دووگیانیدا داوە، و ٣٥,٥٪یان چاودێرییان لە بنکەیەکی تەندروستی دەست کەوتووە (شێوەی ٢٣).

**شێوەی ٢٣: ڕێژەی مێی سکپڕ لە کاتی ڕووپێو تەمەن (١٢-٣٠) ساڵی کە چاودێری تەندروستیان هەبووە لەکاتی سکپڕیدا بەپێی شوێنی چاودێریەکە**



## 5.6 بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕێکخستنی خێزان

زانیارییەکان دەری دەخەن کە ٦٣,٥٪ی مێی مێردکردوو لە تەمەنی (١٢ — ٣٠) ساڵدا کە سکپڕ نین ئامرازی ڕێکخستنی خێزان بەکار دێنن و ئەم ڕێژەیە لای ئافرەتانی شار بەرزترە لە هی گوند (شێوەی ٢٤).




شێوەی (٢٥) دابەشکردنی نێر و مێی لاوانی خێزانداری بەکارهێنی ئامرازەکانی ڕێکخستنی خێزان بەپێی بڕیاردەی بەکارهێنانەکە پێشان دەدا و، ئاشکرای دەکا کە زۆرینە بڕیارەکەیان بەهاوبەشی داوە.




## 6.6 زانین لە بارەی نەخۆشیگەلی گواستراوە لە ڕێی سێکسەوە

کە پرسیار لە لاوانی تەمەن (١٥ — ٣٠) ساڵ لە بارەی ئاشناییان بەو نەخۆشییانەی بەسێکس دەگوازرێنەوە کرا، دەرکەوت زیاتر لە سێیەکیان زانیارییان هەیە، لە کاتێکدا ٨١,٧٪یان دەزانن کە ئێدز نەخۆشییەکە بەسێکس دەگوازرێتەوە و ئەم ڕێژەیە لەنێو نێردا زیاترە (٨٤,٣٪) وەك لەنێو مێ (٧٩,٨٪) و لای لاوانی تەمەن گەورەتر و لاوانی شاریش زیاترە (شێوەی ٢٦).

**شێوەی ٢٦: ڕێژەی لاوانی تەمەن (١٥-٣٠) ساڵ کە زانیاریان هەیە لەسەر ئێیدز، بەپێی تەمەن و ژینگە**




دەرکەوت کە تەلەفزیۆن یەکێکە لە سەرچاوە سەرەکییەکانی زانیاری لە بارەی نەخۆشییەکانی گوازراوە بەسێکس و ئێدز بۆ نزیکەی ٧١٪ی لاوانی تەمەن (١٥ – ٣٠) ساڵ کە ئاگاداری ئێدزن و، ٢٣٪یان زانیارییەکانیان لە دەزگا فێرکارییەکانەوە بەدەست هێناوە و ٢٠,٤٪یان لە برادەر و خزم.

١٢,١٪ی لاوانی تەمەن (١٥ – ٣٠) ساڵ کە ئاگایان لە ئێدز هەیە نەیانتوانی هۆکارەکانی خۆپاراستن لەو نەخۆشییە بناسنەوە، لە کاتێکدا ٨٤,٦٪یان گوتیان دوورکەوتنەوە لە سێکس لە دەرەوەی ژیانی خێزان یەکێکە لە هۆکارەکانی خۆپاراستن (شێوەی ٢٧).

**شێوەی ٢٧: ڕێژەی لاوانی تەمەن (١٥-٣٠) ساڵ کە ئاگاداری ئێیدزن و ڕێگەی خۆپاراستن لێی دەزانن، بەپێی ڕێگەی خۆپاراستن**




لە بارەی ئاگاداریی تەواوی لاوان لە ئێدز، ٣٣٪ی لاوانی تەمەن (١٥ – ٣٠) ساڵ کە ئاگاداری ئێدزن پێیان وایە کە دەشێ کەسی بەڕواڵەت تەندروست تووشبووی ئێدز بێ (شێوەی ٢٨)، ئەم ڕێژەیەش لای نێر بەرز دەبێتەوە بۆ (٣٢,٦٪) و لای مێ دەبێتە (٣٣,٢٪) و لەنێو لاوانی تەمەن (٢٥ – ٣٠) ساڵ دەگاتە (٣٢,١٪) و لای لاوانی تەمەن (١٥–٢٤) ساڵ دەبێتە (٣٣,٤٪).

شێوەی ٢٨ : دابەشکردنی ڕێژەی لاوانی تەمەن (١٥-٣٠) ساڵ بەپێی ئاگادارییان دەریارەی کەسی تەندروستی باش دەرکەوتوو توشی ئێیدز بوو بێت




## 6.7 بۆچوونی لاوان بەرامبەر تووشبووانی ئێدز

٨٢,٦٪ی لاوانی تەمەن (١٥ — ٣٠) ساڵ کە ئاگاداری ئێدزن پێیان وایە پێویستە تووشبووانی ئێدز دوور بخرێنەوە، ٨٧٪یشیان ئاشکرایان کرد کە ئامادە نین لەگەڵ تووشبوویەکی ئێدز نان بخۆن، شێوەی (٢٩) ئامادەیی لاوان بۆ دەستگوشینی کەسی تووشبوو.

شێوەی ٢٩ : دابەشکردنی ڕێژەی لاوانی تەمەن (١٥-٣٠) ساڵ کە ئاگاداری ئێیدز ئامادەیی تەوقەکردن لەگەڵ کەسی توش بوو بە ئێیدز




٥٤,٣٪ی لاوانی تەمەن (١٥ — ٣٠) ساڵ پێیان وایە ئێستا بواری زیادبوونی تووشبون بەنەخۆشیی گوازراوە بەسێکس هەیە، ٦٨,٤٪ی ئەمانە هۆکارەکەیان بۆ لاوازیی دەستگرتن بەبەها ئەخلاقی و ئاینییەکانەوە گێڕایەوە و ٩,٨٪یان بۆ هاتنە ناوەوەی دەرمان و بکوت و کەرەستەی پزیشکی لە سنوورەوە بەبێ پشکنینیان و ٢٩,١٪یش بۆ زیادبوونی خەڵکی هاتوو لەدەرەوەیان گێڕایەوە و ٢٨,٧٪شیان بۆ زیادبوونی ژمارەی ئەوانەی دەچنە دەرەوەی وڵات.

# بەشی حەوتەم 7

# ڕاگەیاندن و کولتوور

## 1.7 بەکارهێنانی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن

ئاکامەکان ڕوونی دەکەنەوە کە ئەو هۆکارەی ڕاگەیاندنی کە زۆرترین ڕێژەی لاوانی کوردستانی عێراق بەکاری دەهێنن تەلەفزیۆنە و بەڕێژەی ٨٠,٧٪ و ڕادیۆ بەپلەی دووەم دێ وەك گرینگترین هۆکاری ڕاگەیاندن بەڕێژەی ٥١,٤٪.

نزیکەی ٧٠٪ی لاوان پێیان وایە تەلەفزیۆن بەدەنگ ئارەزووەکانی لاوانەوە دەچێ و ٤٠,١٪یان پێی وایە ڕادیۆ بەدەنگی ئارەزووەکانیانەوە دەچێ.

٩٨,٤٪ی لاوان سەیری تەلەفزیۆن دەکەن و ٧٩,٤٪ی ئەمانە حەزیان لێیە بەشەو سەیری بکەن و ٧٧,٩٪یان حەزی لە فیلمی کۆمەڵایەتییە و ٦٢,٦٪یان حەزی لە فیلمی کولتوورییە، هەروەها ٧٠,٢٪یان تەماشای کەناڵە ئاسمانییە عەرەبییەکان دەکەن.

شێوەی ٣٠: ڕێژەی لاوانی تەمەن (١٠-٣٠) ساڵ کە تەماشای تەلەفزیۆن دەکەن، بەپێی جۆری کەناڵەکان




## 2.7 ئەنجامدانی چالاکیی کولتووری

نزیکەی ٤١٪ی لاوان خوێندنەوە دەکەن و ٣٩,٥٪ی ئەمانە کتێب دەخوێننەوە و ٦١,١٪یان گۆوار دەخوێننەوە، بابەتەکانی کولتوور و کۆمەڵایەتی زۆرترین بابەتن کە لاوان دەیانخوێننەوە و ڕێژەکەی دەگاتە ٦٤,٣٪.

هەروەها دیارە کە نزیکەی ٥٩٪ی لاوان بەهیچ شێوەیەك ناخوێننەوە و ٤٤,١٪یان لەبەر نەبوونی کات و حەزنەکردن لە خوێندنەوە ناخوێننەوە.

٣٩٪ی لاوان ئارەزووی چوونە شانۆیان دەربڕی ئەگەر هەبێ و ئەم ڕێژەیە لەنێو نێر بەرز دەبێتەوە بۆ (٤٥,٦٪) و لای مێ دەبێتە (٣٣,٨٪) و دەرکەوت کە دابونەریت یەکێکن لە هۆکارە سەرەکییەکانی حەزنەکردنی لاوان لە چوونە شانۆ بەرێژەی ٢٦,٧٪.

شێوەی ٣١: ڕێژەی لاوانی تەمەن (١٠-٣٠) ساڵ کە حەزناکەن لە چوونە شانۆ ـ بەپێی بەپێی هۆکار




هەروەها دەردەکەوێ کە ٦٠,٧٪ی لاوانی هەرێمی کوردستان هیچ گرینگی بەبابەتی کولتوور و هونەر نادەن، بەڵام ١٤,٥٪یان گرینگی بەشیعر و شیعری میللی دەدەن و ١٠,٦٪یان گرینگی بەوێنەکێشان دەدەن.

# بەشی هەشتەم 8

## بۆچوونی لاوان لەبارەی بەشداریی کۆمەڵایەتی و هاووڵاتیبوون و باری ئەمنی

### 1.8 بەشداریی کۆمەڵایەتی

٪١٧,١ی لاوانی هەرێمی کوردستان لە تەمەنی (١٠ – ٣٠)ساڵ پێیان وایە ڕێکخراوە سیاسییەکان گرینگترین ڕێکخراوگەلن لەم کاتەدا و ڕێکخراوە ئاینییەکان بەڕێژەی ٪١٥,٥ لە پلەی دووەمدان.

سەبارەت بۆچوونی لاوان بەرامبەر مەبەستی کاری ڕێکخراوەکانی لاوان ٪٣٢,٩یان پێی وایە بۆ قازانجی لاوان کار دەکەن و ٪١٧,٦یان پێی وایە بۆ قازانجی سەرپەرشتیارانیان کار دەکەن.

خشتەی (٣) ڕێژەی لاوانی کە ڕەزامەندی خۆیان بەهەندێ گوتەی تایبەت بەبەشدارییان لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی پێشان دەدا.

| خشتەی ٣: ڕێژەی لاوان لە تەمەنی (١٠ – ٣٠) ساڵ کە بەهەندێ گوتە قایلن | |
|---|---|
| لاوان گوێ بەپرسە کۆمەڵایەتییەکان نادەن | 26.9 |
| لاوان متمانە بەکاری سیاسی ناکەن | 36.2 |
| خێزان ڕێ نادات لاوان لە کاری سیاسیدا بەشداری بکەن | 25.5 |
| خێزان ڕێ نادات لاوان لە چالاکیی کۆمەڵایەتیدا بەشداری بکەن | 22.6 |
| قوتابییان گرینگی بەبەشداری لە یەکێتییەکانی قوتابییان نادەن | 21.5 |
| حزبەکانە لە ژیانی گشتیدا گرینگن | 62.7 |
| زۆریی ڕێکخراوەکان و جۆراوجۆرییان ڕێخۆشکەرە بۆ بەشداریی لاوان | 61.0 |
| باشترە لاوان ڕێکخراو و کۆمەڵەی تایبەت بەخۆیان هەبێ | 73.8 |
| بەشداریکردن لە پرسی سیاسیدا مافێکی هاووڵاتیبوونە | 73.8 |
| سەندیکاکان گوزارشت لە ویستەکان ناکەن | 20.2 |

خشتەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە گرینگترین بەشداریی کۆمەڵایەتیی لاوان بریتییە لە بەشداری لەبواری سیاسەت وەك یەکێك لە مافەکانی هاووڵاتیبوون و ڕێکخراوو کۆمەڵەی تایبەت بەلاوانیان پێ پەسەندترە.

### 2.8 مافەکان و بەشداری لە هەڵبژاردن

٪٤٨,٩ی لاوانی کوردی عێراق لە تەمەنی (١٨ – ٣٠) ساڵ پێیان وایە گرینگترین مافەکانیان بریتییە لەوەی هەموو عێراقییەکان بەبێ جیاوازی لە بەرامبەر یاسادا یەکسانن و ٪١١,٦یان پێی وایە گرینگترین ماف ئەوەیە کە ناسنامەی عێراقی مافی هەموو عێراقییەکە.

٤٣,٧٪ی لاوانی عێراق پێیان وایە ڕێزگرتن لە ماف ئەوانی تر گرینگترین ئەرکیانە وەك هاوولاتی و، ٤٧,٦٪یان گوتیان بەرگری لە نیشتمان گرینگترین ئەرکی هاوولاتیی عێراقە.

ئاكامەكان ئەوەش پێشان دەدەن كە ٦٣,٣٪ی لاوان بەشدارییان لە هەڵبژاردنە گشتییەكاندا كردووە و جیاوازیی دیار لە ڕێژەی بەشداریی نێر (٦٣,٦٪) و بەشداریی مێ (٦٣,٢٪) نییە، هەروەها دەركەوت كە هۆی بەشداریی ٧٦٪یان گوزارشتە لە دەنگیان و ٣٤,١٪یان پێی وایە ئەو بەشدارییە ئەركێكی نیشتمانییە.

٨٤,٥٪ یشیان بەنیازن لە هەڵبژاردنی داهاتوودا بەشداری بكەن.

بۆچوونەكان لە بارەی بەشداریی و پێگەی ئافرەت

لە لاوان پرسرا تا چەند ڕازین بەهەندێ گوتەی پەیوەست بەبەشداری و پێگەی ئافرەت، خشتەی ژمارە (٤) ڕێژەی ڕازیبوون بەو گوتانە دەر دەخا.

| خشتەی ٤: ڕێژەی لاوان لە تەمەنی (١٠ – ٣٠) ساڵ كە بەهەندێ گوتە قایلن، بەپێی ڕەگەز | | |
|---|---|---|
| گوتە | نێر | مێ |
| ئافرەت بەگشتی لە پیاو كەمتر نییە | 62.7 | 74.4 |
| پێویستە مێ، پێش ئەنجامدانی هەر كارێك، ڕەزامەندیی بەخێوكەرەكەی وەرگرێ | 79.3 | 86.1 |
| هاوبەشیی پیاو و ژن لە بڕیارەكانی خێزانیدا | 82.9 | 93.3 |
| ماف مێردە لە ژنەكەی بدا ئەگەر بەقسەی نەكرد | 17.0 | 10.3 |
| پێویستە كچ شوو بەخزمەكەی بكا، ئەگەر بەخێوكەرەكەی ئارەزووی لێ بوو | 24.9 | 17.0 |
| ئافرەت ناتوانێ بڕیاری تایبەت بەخۆی خێزانەكەی بدا، چونكە لە توانایدا نییە | 19.5 | 20.8 |
| كاری سیاسەت تەنیا بۆ پیاو قۆرخ كراوە | 26.5 | 26.8 |
| ئافرەت دەتوانێ ڕۆڵی سەركردایەتیی وڵاتی ببینێ | 80.1 | 91.4 |
| ئەركی خێزانە كۆتی زیاتر بەسەر مێدا بسەپێن نەك نێر | 25.3 | 19.7 |

خشتەكە ئاماژە بۆ ئەوە دەكا، كە لاوان جەخت دەكەنەوە كە ئافرەت لە نێو كۆمەڵگەدا لە پیاو كەمتر نییە و پێویستە لە بڕیاری خێزانیدا بەشدار بێ و دەتوانێ ڕۆڵی سەركردایەتی لە وڵاتدا بگێڕێ، هەروەها جیاوازی لە بۆچوونی نێر و مێدا لەم بوارانە هەیە.

## 4.8 كۆچ

٤٠,١٪ی لاوانی هەرێمی كوردستان لە تەمەنی (١٨ – ٣٠) ساڵ ئارەزووی كۆچیان دەربڕیوە و زیاتر لە نیوەی ئەمانە حەزی لە چوونە بۆ ئەوروپا.

**شێوەی ٣٢: دابەشکردنی ڕێژەی لاوانی تەمەن (١٨-٣٠)ساڵ کە ئارەزووی کۆچکردنیان هەیە، بەپێی شوێنی کۆچکردن**




ئاکامەکان ئەوەش دەردەخەن کە ڕێژەی ئەوانەی کاریان بۆ کۆچ کردووە دەگاتە ١٠,٥٪ هۆکارەکەش بۆ سێیەکی ئەوانە کار بووە، لە کاتێکدا هەڵهاتن لە دەستی بارودۆخەکە لە ٢٧٪ی حاڵەتەکاندا هۆکاری کۆچ بووە.

٥,٨ باری ئەمنی

٥٩,٥٪ی لاوان لە تەمەنی (١٠ — ٣٠) ساڵ دەڵێن گرووپە تیرۆریستەکان یەکێکن لە هۆکارەکانی ناجێگیریی ئاسایشی عێراق، هەروەها ١١,١٪یان پێی وایە داگیرکاری یەکێکە لە هۆکارەکانی ناجێگیریی ئاسایش.

٣٠,٢٪ی لاوان دەڵێن دەستپێکردنی ئاوەدانکردنەوە و نەهێشتنی بێکار یەکێکە لە هۆکارەکانی دابینکردنی سەقامگیریی ئەمنی لە عێراق، (شێوەی ٣٣).

**شێوەی ٣٣: ڕێژەی لاوانی تەمەن (١٠-٣٠) ساڵ کە هۆکاری سەقامگیری ئاسایشیان دیاریکردووە، بەپێی جۆری هۆکارەکە**




دەرکەوتووە کە ٩٢٪ی لاوانی هەرێمی کوردستان ژیانی ڕۆژانەیان بەدڵنیایی بەسەر دەبەن و ٢,٤٪یان بەدوودڵییەوە، وەك لە شێوەی (٣٤) دەردەکەوێ.

**شێوەی ٣٤: ڕێژەی لاوانی تەمەن (١٠ -٣٠) ساڵ بەپێی هەستیان بە ئارامی لە ژیانی ڕۆژانەدا**



## پاشکۆ: گرینگترین ئاماژەکان بەپێی پارێزگە

* پارێزگەکان لەنێو خشتەکەدا بەپێی ڕێژەکان دانراون، هەر کاتێکیش خشتەکە دوو ئاماژەی تێدا هەبێ ڕزبەندییەکە بەگوێرەی یەکەمیانە.

| ڕێژەی لاوان لە تەمەنی (١٠ - ٣٠) ساڵ کە پێشتر نەچوونەتە بەر خوێندن | |
|---|---|
| دهۆک | 14.2 |
| هەولێر | 12.4 |
| سلێمانی | 5.6 |
| **کۆی گشتی** | 10.1 |

| ڕێژەی لاوان لە تەمەنی (١٥ - ٢٤) ساڵ کە لە کاتی ڕووپێوەکەدا لە بەر خوێندن بوون | |
|---|---|
| دهۆک | 42.9 |
| سلێمانی | 61.0 |
| هەولێر | 52.2 |
| **کۆی گشتی** | 53.8 |

| ڕێژەی لاوان لە تەمەنی (١٥ - ٣٠) ساڵ کە لە کاتی ڕووپێوەکەدا لە بازاڕی کار بوون | | |
|---|---|---|
| **پارێزگا** | **نێر** | **مێ** |
| سلێمانی | 57.6 | 12.1 |
| دهۆک | 57.3 | 3.1 |
| هەولێر | 53.3 | 6.2 |
| **کۆی گشتی** | 55.9 | 8.0 |
| **ڕێژەی لاوان لە تەمەنی (٢٥ - ٣٠) ساڵ کە لە کاتی ڕووپێوەکەدا لە بازاڕی کار بوون** | | |
| سلێمانی | 91.1 | 13.7 |
| هەولێر | 85.3 | 9.1 |
| دهوک | 84.3 | 5.7 |
| **کۆی گشتی** | 87.1 | 10.2 |

| ڕێژەی لاوان لە تەمەنی (١٠ - ٣٠) ساڵ کە تەلەفۆنی مۆبایلیان هەیە | |
|---|---|
| هەولێر | 58.2 |
| سلێمانی | 51.7 |
| دهۆک | 48.2 |
| **کۆی گشتی** | 53.3 |

| ڕێژەی لاوان لە تەمەنی (١٥ - ٣٠) ساڵ کە لە ئێدز ئاگادارن | |
|---|---|
| هەولێر | 89.6 |
| دهۆك | 78.2 |
| سلێمانی | 76.1 |
| **کۆی گشتی** | 81.7 |

| ڕێژەی لاوان لە تەمەنی (١٠ - ٣٠) ساڵ کە هەموو کاریگەرییەکانی خواردن لەسەر تەندروستی دەزانن | |
|---|---|
| دهۆك | 49.6 |
| سلێمانی | 26.2 |
| هەولێر | 11.0 |
| **کۆی گشتی** | 26.0 |

| ڕێژەی لاوان لە تەمەنی (١٠ - ٣٠) ساڵ کە وەرزش دەکەن | |
|---|---|
| هەولێر | 37.7 |
| سلێمانی | 35.4 |
| دهۆك | 30.1 |
| **کۆی گشتی** | 35.0 |

| ڕێژەی مێینە لە تەمەنی (١٠ - ٣٠) ساڵ کە پێیان وایە پێویستە دووگیان لایەنی کەم ٤ جار لە ماوەی سکپڕیدا سەردانی بەدواداچوون ئەنجام بدات | |
|---|---|
| سلێمانی | 69.7 |
| هەولێر | 68.5 |
| دهۆك | 43.4 |
| **کۆی گشتی** | 64.0 |
| **ڕێژەی لاوان لە تەمەنی (١٠ - ٣٠) ساڵ کە دەخوێننەوە** | |
| سلێمانی | 52.1 |
| هەولێر | 43.5 |
| دهۆك | 18.7 |
| **کۆی گشتی** | 41.1 |

| ڕێژەی لاوان لە تەمەنی (١٠ – ٣٠) ساڵ کە بەنیازن لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا بەشدار بن | |
|---|---|
| دهۆک | 91.5 |
| سلێمانی | 83.1 |
| هەولێر | 81.5 |
| **کۆی گشتی** | 84.5 |

| ڕێژەی لاوان لە تەمەنی (١٠ – ٣٠) ساڵ کە پێیان وایە ئافرەت توانای بەدەستەوەگرتنی پۆستی سەرکردایەتییان لە دەوڵەتدا هەیە | |
|---|---|
| سلێمانی | 90.3 |
| هەولێر | 85.0 |
| دهۆک | 81.8 |
| **کۆی گشتی** | 86.4 |

| ڕێژەی لاوان لە تەمەنی (١٠ – ٣٠) ساڵ کە پێیان وایە بەرگری لە نیشتمان یەکێکە لە ئەرکەکانی هاوولاتیبوون | |
|---|---|
| هەولێر | 51.6 |
| سلێمانی | 49.5 |
| دهۆک | 38.5 |
| **کۆی گشتی** | 47.6 |

| ڕێژەی لاوان لە تەمەنی (١٠ – ٣٠) ساڵ کە پێیان وایە گرووپە تیرۆریستەکان و داگیرکاری هۆکاری ناسەقامگیریی ئەمنیی عێراقن | | |
|---|---|---|
| **پارێزگا** | **گرووپە تیرۆریستەکان** | **داگیرکاری** |
| دهۆک | 77.8 | 2.0 |
| هەولێر | 58.2 | 8.6 |
| سلێمانی | 50.1 | 18.7 |
| **کۆی گشتی** | 59.5 | 11.1 |